## دەقە چیرۆکییەکان

# سەرلەنویٚ نوسینەوەی کوژاوەکان

نوسینی : عەباس عەبد جاسم
وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە: صلاح جلال





## پێناسەیەك

وەرگێڕانی زمانێك بۆ زمانێکی تر مانای مەرگ و لە دایك بوونەوەیە،بە تایبەتی زمانی داهێنان وەك ئەم کۆمەڵە چیرۆکانەی (تگریسات) کە یاری زمان و بەرجەستە کردنی زمانی نوێی داهێنانە لە زمانی عەرەبیدا،نوسەر زمانی نوێی عەباسی بە شێوازی چرکەی هەنوکەیی لە زمانێکی دەلالیدا بەر جەستە کردووە، کە خوێنەر هەموو گەردوون لە تەشکیل کردنەوەی وێنەکاندا لە پێکهاتەی تۆڕە دەلالییەکانە وە دەببینێتەوە،

من کاتێك لە ڤیستیڤاڵی (مربد) لای ڕۆشنبیرانی عەرەب باسم کردن سەریان سوڕما، لەوانەش ( د. صلاح حسن) لە هوڵەندا و ( د. ا سیر محمد شهاب ) و چەندانی تر،چونکە ئەم چیرۆکانە بەسەریاندا تێپەڕی لە زەمەنی هاوکاتی خۆیاندا، کە خۆیان لە خۆیاندا شۆڕشێك بوون بە هۆ ی بلیمەتی نوسەرەوە کە تۆفانی ڕۆشنبیری و زمانی عەرەبییە، توانیویانە لە ڕێی زمانی دەلالیەوە ئاماژە و دەربڕین بن بۆ گۆڕان،بۆ شۆڕشێك کەپێویست بوو بکرایە و بکرێت ،لە هەموو بنەما و بونیادەکاندا ،بۆ یەش مانای گۆڕانن و ئەم داهێنانانە لە ڕێی خوێندنەوەی جۆرا و جۆرەوە کە لەم ولاٚتانە نین دەبنە هێزی پاڵنەر بۆ خاڵی وەرچەرخان ، وێنەی ئەنفال و دیکتاتور و خەون و ڕوانین و بیر کردنەوەی مرۆ ڤ تیا دا دەبینرێتەوە ،لە ڕێی ڕەمز و هێما و وێنەکانەوە لە فەزایەکی فراواندا کە ئێستا و ڕابردووی بەرە و ئایندە بەرجەستە کردووە، لە شێوازێکی نوێی سینەماییدا کە هەمووی وێنەی سینەماییە وەکو زوومی کامێرا لەسەر کێشەو ڕووداوەکان

،بۆیەش وەرگێڕانیان بۆ کوردی زۆر گران بوو، لە کاتێکدا من هەرگیز وەرگێڕانم نەکردووە،یەکەم وەرگێڕان بەم تۆفانەی زمان دەست پێبکەم کە وشەی وای تێدابوو وەك (مرمارە) تەنانەت عەرەبیش نەیانزانی، تا پەیوەندیم بە نوسەرەکەیەوە کرد،بەلام وەك سەر کێشیەك کۆڵم نەدا،هەتا نۆ چیرۆکم وەر گێڕا،ئەویش بە دڵسۆزی مامۆستا (تەها محمد امین) کە تەواو یارمەتی دام لە هەموو ڕوویەکەوە،

لە چەند ڕۆژنامەیەکدا زۆریانم بلاّو کردەوە ، دوانیان هەڵەیان زۆر تێکەوت لەڕۆژنامەی گوڕان ،جارێکی تر بلاّوم کردنەوە، لێرەدا هەموو یانم ڕاست کردوّتەوە ،

هیوادارم ئەم وەرگێڕانە ببێتە ڕۆحێکی نوێ بۆ خوێنەران هەتا لەجیهانی شێتێتی (عباس عەبد جاسم) شارەزا بن لە هونەری چیرۆك نووسیندا، چونکە ئەم چیرۆکانە جیاوازن و جیهانێکی تایبەتن، هەر کەس بیانخوێنێتەوە دەزانێت تەنانەت باس کردنن لەو جێگە و موفردە و دەستەواژانەی کە کەم بە بیری مرۆڤدا دێن ،هەمووی دیمەنی شاراوە و نادیار و ونبوون و ئامادەبوونەوەیە، ژێر زەوی و دەریا و تاش و شتی سەیر و سەمەرن ،بە پێچەوانەی هونەری حیکایەت خوانی تۆڕێکی پەیوەندین لە ئامارە هاوبەشەکان ، چونکە نوسەر بە هەڵکۆڵین داهێنانی کردووە ،ئەو شتە باوانە نین کە ڕۆژانە دەیانزانیت،با خوێنەری ئازیز خوێ لەجیهانی تۆڕە کانی چیرۆکەکاندا لێکدانەوە بکات .

صلاح جلال

٢٠٠٧\٣\٢١



سەرلە نوێ نووسنەوەی کوژاوەکان

## کلاّوخود و زەیتون

زوومی کامێراکە لە سەربازێکی وەستاو لەسەر کۆمەڵە پاشماوەیەکی فڕێدراو نزیك بووە و تیشکی خۆریش لەلای هێڵی ئاسۆ شکابووەوە، خۆڵە مێشەکەش بەخوێنێکی ڕەنگ تاریك تێکەڵ بوو، گوێم لە تەقینەوەکە نەبوو، بەڵام ئەو باڵندانەم بینی کە بەترسەوە لەقولەی کلێساکەوە فڕین ، زوومی کامێراکە لە شانی وێنە گرەکەوە خزا ، منداڵێکیش بە سەر سوڕ ماوی و حەپەساوییەوە سەیری لایەکی نەناسراوی دەکرد . دووکەڵی هەلاّیساو بە شێوەی دەستەیەك گالیسکە و ئەسپی تۆقیو و ڕەوە ئاسکێکی ڕاکردوو بە شوێن هەورێکی تاریکدا دەڕۆیشت . خودەی سەربازەکە دەرکەوت و نیوەی شاشەی تیڤییە کەی داپۆشیبوو " سەربازە شینەکەم ". بیرکەوتەوە و ئەو قەلە ڕەشانەی بەسەر جەستەی کوژراوەکانەوە دەخولانەوە ، سەربازە شینەکە پاشماوەی ئەو پارچانەی کۆ دەکردەوە کە لەسوارە و پیادەکان مابوونەوە ، لەو کاتەشدا شوێن کەوتەکەی بە قەمە یەکی دوو دەم لەسەر پاشماوەکان سێوێکی دەردەهێنا ، هاوارێکی کپ کراو لەو کاتەدا هەبوو، من گوێم لێی نەبوو، بەلاّم وام زانی کە لە قولاّیی شتە کۆ کراوەکانەوە پێم دەگات ، دزوولەیەکی خوێن لەژێر شتە کۆکراوەکانەوە دەکشا ، وێنە گرەکە بە زوومی کامێراکەی شوێن ئەو نیشانانە کەوتبوو ، کۆمەڵە درەختێك لە هەردوو بەری شۆستەکانەوە ، بە هەوادا چوونی بەرد لە ئاسماندا ، منداڵێك بەپەنجەی ئامارەی بۆ شوێنی تەقینەوەکە دەکرد ، مێرویەکی ناو خۆڵ تۆپەڵێك تەپ و تۆزی بەرز کردەوە ، بینیم

وێنەگرەکە لەسەر لای راست خۆی بە کێش دەکات ، دووبارە گوێم لەتەقینەوەکە نەبوو، پاشان لاوێکی رەنگ مردوو لەشاشەی تیڤیەکەوە دەرکەوت ، لەوکاتەدا من کۆمەڵە بوونەوەرێکی نەبینراوم دەهاتە پێش چاو کە لەقولاییەکی پڕکراوەوە سەر دەربێنن. باڵندەیەك لەخۆڵە مێشی خودەکەوە دەردەچێت  و شتێك لە تەقینەوەیەکی مەزن بچێت لەڕێی چەند چینێکی پلەدار لە هێمنییەوە بۆ بێدەنگی پێم دەگەیشت.

عەلی مەردان ( ئەوە ناوی منە) لاوەکە وای گوت ، جەنگیش لەولاتی مندا رووتکراوەیە لە گەلای توو. بوونەوەرە خۆڵە مێشیەکان لە بنەوە وروژان ، سەربازە شینەکە پێی لەجەستەی کوژراوەکان هەڵدەکەوت ، شوێنکەوتەکەی گازی لەسێوەکەی دەگرت ، لەو کاتەی بە سەر هاتەکانی  باوکم دەگێڕایەوە بیرم کەوتەوە کە چۆن دەریای تەی دەکرد، کەشتیەکە شێوا ، پاشان لەو نیوە رۆیەدا ئەستێرەیەك کەوتەخوارەوە . زوومی کامێراکە لە سەر شانی وێنە گرەکە بە ڕێکی  جێی خۆی گرت ، بۆشایی بچووك بووەوە تاوای لێهات بوو بە ئەندازەی گلێنە چاوێك . مێشە شینەکان وە دووی سەربازە شینەکە کەتبوون، وێرانەش لەدوای شوێنکەوتەکەی کەوتبوو ڕووی لەهەر شوێنێك بکردایە. کولەکە و دەرختی ئاس و ئاوی توو رەنگێکی رەش بوو پۆشاکی گوڵەکە بوو، ئەو مێرووەم بیر کە وتەوە کە پاشماوەی رێگەکەی دەخوارد شاشەی تیڤییەکەی گرتبوو.

عەلی مەردان گوتی: ئەو شورایە دەبڕم ، فاتمە قیژاندی: دیوار دوژمنمە. سەربازە شینەکە مەشقی بەسەگە دوو رەنگەکەی دەکرد کە چۆن بەزمان خوێنی گوڵەکە بلێسێتەوە. شوێنکەوتەکەشی لەسەر ئەوە راهاتبوو کە دەمی قەمەکەی لەخوێنی کۆترەکان بەئاوی توو بشواتەوە.



سەرلە نویٚ نووسنەوەی کوژاوەکان

چڵیٚ زەیتونەکە چەمایەوە ، گێرە شێوێنی سستەمی شتەکانی شێواند ، زوومەکە زیاتر نزیك بوەوە ، لێواری پێشەوەی خودەکە هاوئاستی هێڵی ئاسۆ بوو، عەلی مەردان بەپەنجە ئاماژەی بۆ قەلە رەشەکە کرد، فاتمە قیژاندی: باڵندەی ( سەمەندەل *) دوژمنمە. مەرگیش مینێکی تەوقیتکراوە لەنێوان پەنجە گەورە و دۆشاو مژە.

فرۆکە ئەبا  تشیەکە نیو سوڕ وەرچەرخایەوە، باڵندەیەك بە رەنگی خۆڵەمێشی لەسەر چرایەکی سەر خوار نیشتەوە ، بلدۆزەرێك و رۆڵەیەك تێپەڕین ، زوومەکەش لە ڕێی شاشەی تیڤییەکەوە بە شوێن ئەو دەزولە خوێنەوەیە  کە لە ژێر کۆمەڵە پاشماوە کۆ  کراوەکەوەیە. بریسکەیەکی فسفۆڕی کتوپڕ تیشکی دایەوە ، گوێم لە هیچ شتێك نەبوو، تەنانەت ئەو سەربازەش کە لە سەر کۆمەڵە پاشماوەکە ڕاوەستا بوو هیچ گوێی بەڕوو داوی تەقینەوە نەبیستراوەکە نەداو بەجۆرێکی هەڵپەکار و چڵێسانە گازی لەپاشماوەی سێوەکەی دەگرت. بینیم دووکەڵەکە دەڕۆیشت و نیوەی منارەکەی شاردە وە پاشان چرا سەر خوارەکەی داپۆشی تەنانەت قولەی کڵێساکەش ،منداڵەکە دووبارە لەسەر شاشەی تیڤیەکە دەرکەوتەوە ، ڕەنگە بەپەنجەی ئاماژەی بۆ شتێکی تر کردبێت، نەك ئەوخوێنەی لە ژێر کۆمەڵە پاشماوەکەوە دەهات ، لەوانەیە بەرە و ئاسۆیەك کە لەخاڵێکی دوورەوە دەردەکەوێت.

*سەمەندەل: باڵندەیەکە لە هیندستان هەیە بە ئاگر ناسوتێت (قەقنەس)

لە رۆژنامەی/ ئالآی ئازادی ژمارە ٦٦٤ ی ٢٠٠٦ دا بلاو بۆتەوە

## رێبەری گێڕانەوەکان

وەك یەکێك کە دەرگای خەونەکانم لیٚ بکاتەوە ، کلیلەکەی لە قفڵی گێڕانەوەکانەوە بادا، وە حافز ئەمین وەهمێکی خەواڵو ئاسای لادروست کردم ، گەر دڵنیای ئەوە نەبومایە کە لە خانەی دەست نوسەکاندام ، ئەمەم کاتێك یاد هاتەوە کە لە تەنهاییەکەمدا بووم ، من سەرنجم لە ژمارەیەکی وێناکراو دەدا لە پەرتوکی ڕێبەری گێڕانەوە: ئامێری رەشی خامۆش ، ئەو نامانەی کە رزگاربووەکان لە ڕێی خولی مەرگ لە سروشتدا لە ماڵی هەتاییەوە گواستبوویانەوە ، چاڵی زریان ( گێڕرەوە لە پە یکەری بەردین تێپەڕی بە بیٚ ئەوەی بزانێت کە ئەوە پەیکەری ئەفسانەییە لە ژێر بناغەی خانوەکاندا لە خاك دەنرێت و بەردەرگاکان بۆ دەرکردنی رۆحە نەگریسەکان ) مۆرە قوڕینەکان ، شێوە لە پیاو چووەکان یان ئەوانەی گومان لە پیاوەتیان دەکرا، مێشکو ژەکان ، بەختە گەردونییەکان ، نیوە زیندووەکان ، کە للەی مرۆیی نقوم بوو کە بەر لە نزیکەی سیٚ هەزارساڵ لە ڕێی کوشتارگەیەکی باوەڕپێنەکراو بەجیٚ مابوون ، خواوەندە باڵدارەکانی سەرکەوتن ، گالیسکە پێچکە دارەکانی بار، شیوەنکارە سنگ والآکان ، باڵندە خۆرینەکان کە هەڵگرتنی رۆحیان پیٚ سپێردرابوو، ( گێڕەرەوە لە شوێنەواری مەرگ تێپەڕی لەگۆڕستانی پادشای ئور) زۆنگاوەکانی عەفەك ، خوای تاریکی لە سەر سنگی خۆر دانیشت ، دیمەنی لە تابوت دەرچونی کۆترەکان ، گای باڵدار بە پێنج قاچەوە ، جێگای دیمەنی خۆر لە حیلە ( گێڕەرەوە





چەند کاسەیەکی شاراوەی دۆزیەوە کە ئێسکی مارو مووروی ڕەنگا و رەنگی تێدابوو، نەیدەزانی کە ئەوانە ناوەڕۆکێکی پیرۆزیان هەیە ) کلآو ئاسنی نرام سین ، ڕووپۆشی ئاسنین ، کەلوپەلی فرێدراو، پەرستگای خوای زریان ، بووکە شووشە ، چەکەکان ، دڵنیا بوومەوە لە بوونی خۆم کە من لە سەر گردی پرس وەستاوم ، جگە لەوەی نیشانەکانی جێگە لە نەخشەوە بۆ زەوی بە وەهم سەریان لیٚ شێواندم ، بەلآم وەهمێکی جوان ، وای لێکردم هەست بە چێژی دۆزینەوە بکەم ، تاوەکو بە پەنجەکانم دەست لە کلیلی نهێنیی گێڕانەوەکان بدەم . بەر لە دابەزین بۆ دەریاچە وێنا بووەکە لە ناو رێبەری گێڕانەوەدا ، بایەکی بارگاوی بە تۆزێکی زەرد پەڕاند مییەوە، وەك بە قامچیەکی نەزانراوەوە نێردرابێت، نە مدەزانی چۆن گێڕەرەوە بۆ ڕیز بەندی پلەکان پێشم کەوتبوو، کە بە جێگای دا بەزینی مەرگی دەگەیاند ، من رۆ دەچوومە قولآییەوە ، لە شوێن پێکانمدا شتێك ختوکەی دەدام ، ئەوەم بیرهاتەوە کە ئەمین پێشتر لەونکردنی رێگای گێڕانەوەکان لە خانەی نەخشە سازی گشتیدا ئاگاداری کرد بوومەوە ، بۆ دوواوە وەرچەرخام ، کتوپڕییەکی ترسناك گرتمی: خوا مردووەکە لە وێنەی گێڕانەوەدا لە ڕوخساری خۆی دەردەچێت ، سەری لە مستیلە بەردینەکە یەوە دەرهێنابوو، کتوپڕ باوەڕم بە راستگۆیی گێڕانەوە لەق بوو، چۆن ئەمە روویداوە و خوای مردو لە ناو ژورێکی داخراوی خانوەکەدا نێژراوە و بە دیواری بەرزی خوار بەرەو ناوەوە ، چۆن سەری لە ژێر دارو پەردویەکی وەها زۆردا هاتۆتە دەر، رەنگە مەبەستی ئەو خواوەندە بێت کە تا ئێستاش لە گیانە لآدایە، ناویشی لە رێبەری گێڕاوەنەوەدا لابراوە، بەلآم وەك ئەمین دڵنیایی کردم گێڕەرەوە هیچ شتێکی روون نەکردۆتەوە بە پاڵنەری

شاردنەوە یان بە پاڵنەرێکی تری نا دڵنیا: بۆ زانینی شتە شاراوەکە شوێن پێیم هەڵگرت وام دانا ئەوە بەکلیلی نهێنی گێڕانەوەم دەگەیەنێت ، بەڵام بردمی بۆ چاڵێك کە لە حەفتا و چوار پەیکەری ئێسکی مرۆیی پێکدەهات ، ئەمە مەبەستەکەی لێ تێکدا ، ویستی بچێتە کەلەبەرێکی رەشی مەزنەوە، رەنگە وابزانێت کە چاڵی مەرگی گەورەیە لە ئور، لەو ساتەی کە لەسەر گردی پرس راوەستا بووم بڕیارمدا، واز لە ئامرازەکانی رووپێوان بهێنم ، دووبارە د ەست بکەمەوە بە گەڕان بە دوای کلیلی نهێنی گێڕانەوەدا لە نێوان گێڕەرەوە و گێڕدراوە لە ژمارەی وێنا کراو لە رێبەری گێڕانەوەدا ، ئەوەی لە توانای گێڕەرەوەدا بوو لە کاتی چاو گێڕانی لە لوتکەوە بۆ قوڵایی تەنانەت ئەو رووداوانەی بە چاوی ئاسایی دەبینرێت بگوێزێتەوە بۆ گێڕانەوەی باوەڕ پێکراو، بەڵام هەر ئەوەندە بۆ ئەو بەس بوو کە شوێن پێی خوای مردو لەلای خواروی گردەکەوە بۆ سەرەوە بسڕێتەوە ، پاشان کتوپڕ لێرە لێم پەیدا بوو ، لە تەتەڵە کردنی زمانیدا ئەوەم بۆ روون بووە کە بەهەردو چاوی خۆی نهێنییە ترسناکەکەی بینیبوو، بەڵام چۆن رویداوە کە مەتەڵەکە لە وێنەی گێڕانەودا فرێدرا بێت، لێپرسراوی دەست نوسەکان سەرنجیدا ، وە من وامدەزانی ئاگای لێم نییە ، چونکە لەوانەیە هەموو ئەوانەی گێڕەرەوە بینیویەتی تۆماری کردبێت ، بە هۆی پەشێوییەکی زۆرەوە بەو دیمەنە تۆقێنەرە پاڵنەرێکی نا ئاشکرا رێی هەڵماڵینی پەنهانییەکەی لێگرت ، دەنا هۆی بۆشاییە خاڵدارەکان و چاڵە بەتاڵەکان چییە لە رێبەری گێڕانەوەدا ؟ جگە لەوەی ئەمانە بۆشاییەکی سپین پێویستیان بەوە هەیە کەسێك بە لابراو پڕیان بکاتەوە لە کەموکورتی گێڕانەوەی وێنا کراودا.





دڵنیابوومەوە کە ئەو بایەی چەند چرکەیەك لەوەو بەر بە لامدا تێپەڕی هیچ کاریگەری یەکی نەبێ لە شوێن ونکردن بە دوای خوای گیانەلاّ گرتوو، لە رێی ئەو پانتاییەی کە قوڵایی دەریاچەکە بە لوتکەی گردەکەوە دەبەستێتەوە، ئەوەم لا روون بوو کە ئەو بایە هاوبەشیی ناکات لە سڕینەوەی شوێنەوارە روکەشیەکان بەو بەڵگەیەی کە لێنی سەر رووی بەردەکانی پڕ نەکردبووەوە ، کە پێك دەهات لە سەرە پارچەی لێکچووی شکاوی تیژ کە دەگەنە قوڵایی توێ و لۆچی و بەرزی و نزمی زەوی ،

گێڕەرەوە بەلای کۆمەڵە بە ڵگەیەکدا تێپەڕی کە لە دیمەنی ئەو بوونەوەرانە دەچون کە بە بارە جیاوازەکان نەمرد بوون ، زەوییان لە ناوەوە کەل کردبوو، لە هەوڵی ئەوەدا بوون لە و قوڕاوە رەشە دەرچن ، وەك ئەوەی هەوڵی رزگاربوون بدەن لە کۆیلەیەتی جێگا ، یان هەوڵبدات هێزی رۆنیشتوو سەری جێ لەق بکات ، بەڵام گێڕەرەوە نەیبینی ، رەنگە لەبەر ئەوەی پەردەی مەرگی نەدیبێ کە لە بیرچونەوەی زەمەندا لە سەری دادرا بووە.

دەریاچەکە لە رێبەری گێڕانەوەدا لە ژێر گرێکی بورکانیدا هەڵتروشکابوو، هەمیشە بە تورەیی خوای گیانەلاّ گرتو لە بۆرسیا سیواخ دەدرا ، لە رێی تاوە تورەییە شێتانەکەی شەپۆلی بورکانی رەش پێکدەهات ، بەڵام گێڕەرەوە وای دەزانی رەشاییەکە لە زەوییەوە هەڵدە قوڵێ و لە نەوتی سپی پێك دێت ، بەر لەوەی وازی لێبهێنم لە رێی ئامێری چاودێرییەوە ئەوەم دی کە هەڵکشانی دەریاچەکە لە حاڵەتی کەمبوونەوەدایەو، تراویلکەش شەپۆلی هەڵخە لە تێنەری چاوی دروست دەکرد ، تێکەڵاوی لە رادەبەدەری سەرابەکە بەهەناسەی ئاوی ژەهراوی

خنکێنەر، نەمدەتوانی سنوری جیاکەرەوە لە نێون شەپۆلە زۆرەکان و چینە خشتینە رێکەکاندا بکەم ، لە سەرەوە بۆ خوارەوە دادەبەزین ، هێڵێکی وەهمیم راکێشا پانتاییەکە لە تاشە بەردی ئاگرین لە بەردی سوری تێکەڵاو بە بەردی خەلوزین بەرد رێژ کرابوو، پێدەچێت ئەو بەردەی کە رەنگی خەڵوزە چاوی گێڕەرەوەی خەڵە تاندبێت وابزانێت ئەوە بەردی رەشە لە تاریکیدا داگیرساوە .

روحی خوای گیانەڵا گرتوو هاودەمم بوو، وردە وردە لەگەڵ هاتنە خوارەوەمدا لە لوتکەی گردەوە بۆ قوڵایی دەریاچەکە ، گوێم لە دەنگی پێی بوو کە بەرەو چاڵەکە دادەبەزی ، لە ڕێی شێوەی داتاشینی باڵەکانی و خڕکردنەوەی دەستی راستی ، ئەمین ئاماژەی بۆ کردم کە گێڕەرەوە وادێتە بەرچاوی کە خوامردووەکە بەردێکی بەدەستەوەیە ، بەڵام من بینیم پارچە بەردێکی خڕ لەمستێکی توند دا دەگرێت ، وام هاتە بەرچاو کە ئەو بەردە کۆمەڵێ بوونەوەری مرۆیی لە خۆ دەگرێت ، خاوەنی چارەنوسێکی یەکتر بڕن .

چەند بەرەو خوار دەچوون بۆ دەریاچەکە ئاوەکەش زیاتر ئاستەکەی دادەبەزی ، ئاشکرابوونی روانینم بۆ دەرکەوت لە قوڵایی چینە ریز بووەکان لە قوڕو خشتی درەوشاوە: چینی خواوەند کە لە سەر کورسیەکی بەرز پێك دەهات بە شێوەیەکی لار لەسەر قاچی ئاژەڵی دڕندە وەستابوو، وام هاتە بەرچاو کە لە وێنەی گێڕانەوەدا قاچی ئاژەڵەکان سڕدراونەتەوە، هەروەها دەلالەتی عەرشی خوایشی تیادا لابراوە ، لە رێبەری گێڕانەوەدا واهاتووە: چوار پەلی ئەم ئاژەڵانە بە ڵگەن لە سەر هێزی ئەو خواوەندەی کە بەسەریاندا سەرکەوتووە و پاشان لە سەریان دانیشتووە .





ئەمین بە زاراوەیەکی باوەڕ بەخۆ بوون و ئازایانە هەستی بە کەم و کورتی کرد لە گێڕانەوەدا، لێرە هێزێکی وەحشی کاولکەر هەیە ، وێنەی گێڕانەوە دێنێتە قسە ، سەر گوزە شتەی مەرگ لە چاوی زیندووەکانەوە ، سەر گوزە شتەی نەهەنگی هەڵکۆڵدراو کە مانگی قوت داوە ، پەرستنی خوای مرۆیی ، سەر گوزە شتەی کەوتنە خوارەوە بۆ سەرەوە ، سەر گوزە شتەی چارەنووسی ئاشکرا ، سەر گوزە شتەی پێ ئاسنینەکان ، سەر گوزە شتەی بنوو خەون ببینە ، سەر گوزە شتەی باڵندەی هەڵهاتووی ڕۆژ هەڵات و رۆژ ئاوا ، سەر گوزە شتە بەرز بوونەوە بۆ نزمایی و چینەکانی تر ئەمانەیان لە خۆ دەگرت : چینی پاسەوانانی نەبینراو، چینی باڵا دەستەکان، چینی باوەڕ پێکراوەکان ، چینی دەرگاوانەکان ، چینی هاوڕێیان ، چینی ئاژەڵان ، بە زمانی گێڕەرەوە لێرەش سێ پلە هەیە: پلیکانەی عەرشی کە پێك هاتووە لەکورسیەکی بەرز بە پارچەی زاخاو دراو بە درەختی ئەبەنووس ، باڵندەیەکی ئەفسانەیی تەنیا بە دوو باڵەوە لە دواوە پاڵپشتی دەکرد ، بە پانتایی ریز بەند ببوو، کە بە زنجیرەیەك قورسایی کەوانەیی لە سەر ئاژەڵی هەڵمەت بەر، پلە بەندێکی لەکۆمەڵە سەرە بەردی بێ گژوگیا پێکهاتبوو .

بەرلەوەی چینی حەوتەم ببڕم ، بۆ دواوە ئاوڕم دایەوە ( تائێستاش لێرە کۆمەڵێك کەلە بەری زۆر هەیە لە زانیاریە ناتەواوەکان کە پێویستیان بە پڕکردنەوە هەیە ) کە گێڕەرەوە هەستێت بە جێگیرکردنی ئەوەی کە لابراوەو وە راست کردنەوەی هەڵەکان وە پڕکردنەوەی ناتەواو یەکان .

ئاوە هەڵکشاوەکە بە تەواوی لە بنەوە مایەوە ئەمەش بەری نهێنییەکی تاریك بوو، وەك ئەوەی پەتی ناوك بە قوڵایی زەویدا رۆچوو بێت

کەکەمێك لەوەو بەر ئاوەکەی هەڵلوشی، لەبەر زۆری سەرسوڕمان لەوەی ئێستا دەیبینم هێڵنجم دا ، بە ئامادە بوونی ئەمین سەرم سوڕی خوارد ، لەوانەیە لێرەدا زەمەن لە دەورم بخولێتەوە لە زۆنگاوی چاڵی پڕکراوەدا لە ڕێبەری گێڕانەوە ، چۆن رویداوە کە هەموو ناخۆشیەکانی لە چاڵی مەرگی گەورەدا کۆببنەوە؟ بە هۆی بەرزی و نزمی جێگەوە تێگەیشتم کە ئەمە چاڵی مەرگی گەورە نییە لە ئور، ئەوەم لە نەخشەکەدا بیرهاتەوە ، بەر لەوەی  پاش چەند چرکەیەکی دیاری وازی لێبهێنم و من لەسەر گردی پرسم ، لێرە قولەیەکی رەشی شێواو هەیە لە رێبەری گێڕانەوەد ا، لەوانەیە یەکەم کەس بوبێتم کە پێم خستبێت ناو چاڵی قولّ لە دەریاچەیەکدا کە لە هیچ گێڕانەوەیەکی وێنا کراو یان لە هیچ شوێنەوارێکی تۆمار کراوی بەر لە مێژوو دوایی ناوی نەهاتبێت.

دووبارە لە هەڵکۆڵینی شوێنەوارەکان بۆم دەرکەوت لەوانەیە لێرە لێکچونێکی خۆ بە خۆیی بێ مەبەست هەبێت لە ڕێبەری گێڕانەوەدا، لە نێوان چاڵی مەرگ لە ئور و چاڵی زریان لە بابل و چاڵی کارەساتەکان لە دۆڵی ( ئەزەم )، بینیم دەریاچەکە لەسەر نەخشەکە دیاری کراوە لێکچووی نزمترین گردە ( لێرە) تێکەڵاوییەکی سامناکە لە دەرەوەی ڕووکەشی تاریکی : پیادە ، پەیکەرە ئێسکییەکان ، کڵاوە قوچەکییەکان ، قەڵغانە نەخشێنراوەکان ، سوارە ، زنجیرە زەرد کەشەکان ، دووڕەگەکان ، گالیسکە ئامێرییەکان ، رووتەکان ، گالیسکە تایەدارەکان ، تفەنگەکان ، زنجیرە بێ سنورەکان ، شمشێرەکان ، لولە تۆپەکان ، نەخشەکان ، کاتژمێرە قومیەکان ، ئاگر هاوێژەکان ، مەتارە ئاوییە مسینەکان ، کەوانەکان ، مۆرە لولەییەکان ، پەیژەکان ، ئاگر





هاوێژەکان ، دەهۆڵەکان ، پردە ئاویەکان ، بەیداخەکان ، بارهەڵگرە دەستییەکان ، سیمە دڕکاویەکان ، دەمامکەکانی خۆپاراستن . هەستێکی نامۆ گرتمی کەمن لە ماڵی هەتاییدام ، بەڵام بە ئامادەبوونی کتو پڕی ئەمین وەهمەکەم لە ناخمدا رەوییەوە ، دیسان من لە خانەی دەست نوسی گشتیدام و من لەوساتەدا لە دەرەوەی جێگەی چاڵە پڕکراوەکاندا بووم لە قولاّییەکی نادیاردا ، رۆحی خواوەندیش خەریك بوو بۆ ناوەندی چاڵەکە پێشم دەکەوت ، چاڵێکی تاریك بوو لە سکی زەویدا ، چاڵێکی قولّ کە جێگەی هەموو جیهانی تیادا دەبووەوە.

ئاوازی با یەك لولیدام هاوشێوە بە ئاوازی نای دابڕاو بۆ گۆڕ، بیرێکی قوڵی بازنەیی بەرەو فراوان بوون دەچوو، چاڵێك دەچووە ناوسەرو ژێریەکی قولّ کە ریزی پلەکانی بۆ قولاّیی دەبرد ، شەپۆلی قیژە و هاوار لە ژێر زەوییەوە بە شپرزەییەوە دەهات و دەچوو، خواوەند پێشبینی مەرگی خۆی دەکرد ، لە رێبەری گێڕانەوەدا کراسێکی خوازراوەی کردە بەر، بەڵام خوامردووەکە نەمرد ، هەمیشە لە تەڵەی مەرگ بە شێوەیەکی سەیر رزگاری دەبوو، نەك لەبەر ئەوەی پێشبینی ئەو چرکەیە بکات کە تێیدا دەمرێت ، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەمیشە بە دوژمنەکانی دەگەیشت بە یەك چرکە بەرلەوەی ئەوان پێی بگەن ، وام بۆ دەرکەوت کە قولە ڕەشەکە بەرد ێکی ئەفسانەیی نا ئاشکرایە بە قەڵەمێکی سەر تیژ نەخشکراوە ، کێ لە قولاّییدا تەلیسمی ترسناك هەڵدەوەشێنێتەوە کۆتایی روانینی لە چەرخە کۆنەکاندا بۆ دەکرێتەوە: چەپکە چنراوەکان ، کەوانە گوڵدارەکان ، مێزە سەرین ریژەکان ، دیوارە نەخشکراوەکان ، تاجە کانزاییەکان ، حەوزە ساردەکان ، شوێنەکانی دانیشتن ، پلیکانە ڕێکەکان ، دەرگا تۆکمەکان

، شوێنەکانی ئاوخواردنەوە ، لقە شۆڕەکان ، کوتەری دەرگا تەوتەمییەکان ، یەکەمجار لە دەرگامدا، دووەم جار بە دەرگا کوتێکی سەرە ماری سێگۆشەیی لە دەرگامدایەوە ، پەردەی ڕەهەند لاچوو، روماڵی زەمەنیش لادرا ، منیش لە خانەی نەخشە سازی گشتیدا گوێم بۆ ئەمین گرتبوو ، وەخەون بینینی قولاًییەکان دەردەکەوتن لە بونەوەرەکان و پێکهاتەکان و شتگە لەکان لە ئەبەدییەتەوە تێدەپەڕین و دەچوونە خانەی دەست نوسە گشتییەکەوە هەر بە بەرچاوی ئەمینیش تێکە ڵەکان دەچوونە ژورەوە و دەهاتنە دەرەوە، دەچونە سەرو دەهاتنە خوار، زیندوو مردوو لەڕێی خولی یەك بە دوای یەکی ژیان و مەرگ لە سروشتدا.

لەسەر گێڕەرەوە پێویست بوو کە حیکمەتی بێدەنگی فێر ببێت بەر لە چوونە ژوورەوە هاتنە دەرەوە لە چاڵی مەرگی گەورە ، چونکە بێدەنگی بوو بە پێی کۆبوونەوەی زانیاریەکانی ئەمین لە بری ڕێڕەوی مێژووی لابراو قسەی دەکرد ، بە زمانی لەوحی پارێزراو: رەشە با ، قیژە و هاوار، توند و تیژی ، هاوارکردن ، ژانگرتن ، ناڵەو فیغان ، گرمە ، لورەی با ، پڕمەی گریان ، گێڕەرەوە تێبینی ئەو درزە قوڵەی نەکرد لە قولە رەشەکەدا و تێبینی ئەوەی نەکرد کە ئەو قڵیشانە لە بەشێکی گرنگدا رویداوە تیایدا ، شکانێك کە بۆتە هۆی شێواندنی وێنە ئەفسانەییەکانی قولاًیی ، ئەمین یە پەنهانییەکی نامۆییە وە بۆی رونکردمەوە : ئەم شێواندنە بە هۆی هێزی سروشتییەوە نەبووە پێدەچێت مەبەستێك لەکرداری شێواندنەکەدا هەبوو بێت ، ئەگینا چۆن روویداوە ، لابردن و شێواندن لە بەشێکی گرنگی زانیاری گێڕانەوەی وێنا کراودا روویدا بێت لە ڕێبەری گێڕانەوەدا .





دوای ئەوەی شوێن پێی شوێنەواری ڕێبەری گێڕانەوەم هەڵگرت ، خۆم لە قولاًییەکی شپرزەدا دییەوە ، بۆ جاری سێهەم ئەوەم بۆ روون بووەوە کە من لەوچاڵەدا نیم کە گێڕەرەوە وەهمی پێوە دەکرد ، ئێمەی خستە وەهمی ئەوەی کە ئەمە چاڵی مەرگی گەورەیە لە ئور .

من کەوتمە شوێن هێڵی پانتایی و درێژی لە نەخشەکەدا و بەر لەوەی دەستی لێ هەڵبگرم ئالێرەدا شوێن پێی خۆم لە چوارگۆشە گەمارۆدراوەکانی زۆنگاوەکانی عەفەکدا تازە کردەوە ، ئێستاش مێژوویەکی پەنهانە بۆ ئەوەی روویداوە و ئەوەی ئێستا رودەدات ، لە قولە رەشەکەدا چاڵێك هەبوو دەچووە سەر ئاوی ژێر زەمینی لە چەند توێژاڵێکی بەرد ینە لە زەویدا ، لە گێڕانەوەی بینراودا تەنها بە چاو ئەوەم لاجێگیربوو، کە گێڕەرەوە ناگاتە کۆمەڵگای بونەوەرە لە بیر کراوەکان ، لەوانەیە پێی گەیشتبێت ، بەڵام روانینی خۆی شاردۆتەوە و لە ژێر زمانیدا بە نهێنی ماوەتەوە ، لە ڕێبەری گێڕانەوەدا وا هاتووە ناتوانین بگەینە چاڵی مەرگی گەورە لە ڕێڕەوێکی پەنهانیەوە نەبێت لەگۆڕستانی خوای مردوەوە لە گردی ( پرس).

بەڵام من رێگە دەرباز بونێکی ترم دۆزییەوە لە ڕێگەی چاڵەکە خۆیەوە ، لەبەر ئەوەی چاڵەکە لە کەلە بەرێکی رەشی شێواوە دیاری دەدات ، لە ڕێبەری گێڕانەوەدا ، زیندووەکان لە ناوەوە بۆگەنیان کردبوو ، خوای گیانەلاً گرتو بە بەردەوامی بە ژێرپێی کردنەوەی چاڵەکەی دادەخستەوە ، هەتا لە هەموو جێگەیەك بۆنە پەنهانیەکە بلاًو نەبێتەوە.

گێڕەرەوە کلیلی نهێنی گێڕانەوەی خستە رێبەری گێڕانەوە ، ئەو سەیری دەستەی ئەرکەکانی شەقامی ئاهەنگەکانی دەکرد کە بەدەرگای

**عەشتار دەگەیشتن ، کە لە ژێر کەوانی یەك بە دوای یەکی سەرکەوتندا تێدە پەڕی!**

**دەستەی خواوەند ، یان گای باڵدار، دەستەی قوربانیان ، دەستەی ژنان ، دەستەی بە قوربانی بووەکان ، دەستەی گوناهە گەورەکان ، دەستەی ئاژەلآن .**

**ئاوەکە بە فیچقەی یەك بە دوای یەکەوە لە ناوەوە دەرپەڕی ، وەك کۆمە لێك بوونەوەری بەندکراوی یاخی بوو لە ناوەوە ، شەوێن پێکە جولاّ، کەلەبەرێکی رەش بە دەمکراوەیی دەرکەوت ، لە چاڵێکی قوڵ دەچوو، ئەمین لە کۆتایی راڕەوەکەدا رایگرتم بەر لە چونە دەروە لە دەرگای گەشتی گێڕانەوە ، ئەو چاڵەی کە لە ژێر لمێکی قوڵەوە پێش مێژوو دوای مێژوو دۆزرایەوە ناو نرا بە "چاڵی زریان " بەلآم ئەم چاڵە هیچ پەیوەندیەکی بە زریانی باسکراوەوە نییە لە پەرتوکی پیرۆزدا .**

**دووبارە بۆ گردەکە سەردەکەوم ، گێڕەرەوە شوێنەوارەکەم هەڵدەگرێت ، لە ژێر پێکانەوە لەرزین دەست پێدەکات ، لە بۆشایی لمەکانەوە کە لێنەکانی خۆڵ دەڕوات ، وەك کە لەبەری بەردەکان دوکەڵێکی رەش لە هەردوو چاو و کونە لوت و دەمیەوە دەردەچێت ، کە من سەردەکەو تم بە سەر گردەکەدا بۆنی پەنهانی لە هەموو جێگەیەك بلاّو دەبێتەوە لە دەرەوە ی ڕێبەری گێڕانەوەدا.**

***

**لە گۆڕانی ژمارە (١١٧ ) بە هەلەیەکی زۆرەوە بلاّوبووەوە جارێکی لە ژمارە ( ) گۆڤاری ئیستاتیکادا بلاّو بووەوە.**





## بۆ جەستەی بەختەوە ری و تەوتەمی خۆشییەکان

**بەرلەوەی بازاڕە سەرگیراوەکە بگاتە کۆتاییەکی کراوە، جەستەی بەختە وە ری لەسە ر رووبە رێکی سیواخ دراوی قۆقز هەڵخلیسکا، راڕەوەکە شێوە تارێکی گرتبوو، دەروێشەکە زانای تاریکییە، پلە پێکەنیناوییەکان بە تەوتەمی خۆشییەکان دەگەیشتن.**

**لێزانەکە هەستی کرد لەسەرکەوتندا هاودەمی بوو، وەك ئەوەی لە دابەزیندا پێوەی لچکابوو، یەکەمجار مل کەچی بوو، پاشان بە گومان و ترسێکی هێمنەوە خۆی بە دەستییەوەدا، جەستەی لەگەڵیا پڕبوو لە بەختەوەری، لەوانەیە گ ر ێ ی ترسەکەی رەویبێتەوە بە**

حاڵەتێکی کتو پڕ لە خۆشی، وەك کەسێك لە بەندیخانە رزگاری کردبێت، لەرینەوەی خۆشی دەیگرت، هەتا ئەوەی خۆشی کرداری حەزەکان بەرەو هەڵخلیسکاندن کوێری کردبوو،لێزانەکە رایکێشا بەهەناسەی جارانەوە تێکەڵاو بەبۆنی بوخورد، چاڵەکە بە دواوەیەتی بە جۆرێك بێ کۆتا دەچەمێتەوە، جەستەی بەختەوەری بەرەو ئاراستەیەك لایدا کە جێگەی مەبەست نەبوو، رێگاکە بە جێگریەکەی رێك نەدەرۆیشت، ئاه بۆ جەستەی بەختەوەری ،لە ئامادەبوونی دەرویشدا بەختەوەری باڵا دەست بوو، هاوارێك بە دەنگێکی نەبیستراو تەقییەوە، لەوانەیە هانابردن یان هەوڵدان بێت بۆ هێزێکی نەبینراو ، پێدەچێت روخساری شەیتانی بەسەری لێزانەکەوە وەك مارێکی پێچراوە دیبێت، هەرئێستا دەستی بە کەوتن کرد،وەك ئەوەی هێزی بەردەوام بوونی بزوتنەوەی لەدەست دابێت ،لە چرکەساتی کەوتن یاخود خۆکێشان بە زەویدا خۆی بەدەست بێ هۆشی رۆحەوە دا، دەروێشەکە بە وشەی ئاڵۆز ورتە ورتی دەکرد، ئەویش بەچاوی لێزانییەوە سەیری دەکرد، چەند چرکەیەك تێپەڕی، بێدەنگی پارێزو هێمنییە کێ درۆزنی زاڵ بوو.

بۆ جەستەی بەختەوەری‌و تەوتەمی خۆشییەکان، دەروێشە کە لە گڵاو پرژێنێکی شوشەییدا ئاوی گوڵی کۆدەکردەوە، یاخود پارێزگاری سیس بوونی گوڵەکان بکات بە ئاوی سازگاری سپی، خوێنی شین لە لقی زەیتوونەکەوە دەهات، میلی کاتژمێری بورجەکە لە دەوری سەرچاوە مۆرکراوەکە دەسوڕایەوە، پارچەیەکی تەڕی خۆش لە دەڤەری بەختەوەریدا هەڵدەخلیسکا، لێزانەکە لە دەڤەری خۆیدا تیری رەنگاو رەنگی سەر ئاگرین بوو، لەوانەیە جەنگەڵی سرەوتنی پێ ببڕێت، یان ئاگر بەر بداتە پوش‌و پەڵاشی دارستانەکە، وەکو شێت هاواری کرد،





شتەکان لە سوڕانەوەیەکی خەففەدا شەپۆلیان دەدا، سەقفەکە لە ژوورسەرەوە تەپ‌و تۆزی دەکرد،

ژیانەوەی فسفۆڕی بازدەر یاخود ئاوی سازگاری سپی، رووبەرەکە بەهێزی هاڕینی توند وتیژی ئاڵۆزو ئارەزووی خوێناوییەوە شەپۆلی دەدا، ئاژاوەکە گشتگیر بوو، دەستی کرد بە ر و خ ا ن ئەوەی لە رۆح‌و دا مابوو، فەقی دەروێشەکە بەچاوی تاریکییەوە دەیڕوانییە جەستەی بەختەوەری‌و جەستەی بەختەوەریش ( کەسی تیادا نیە ) .

لەوانەیە خۆشییەکانی ئازار، یاخود جەنگەکانی ناخۆشی لەسەرو توانای ئەوەوە بێت، ئەو وردە شوشانەی پێکەوە دەنوساندەوە پ ارچ ە ش وش ە کە پێش چەند ساتێك لەوە و بەر شکا، پشکۆکانی چاوی دەروێشەکە جادووییەك بوو بەچاوگەی نهێنیەکە دەگەیشتن کە لەدەمی گوڵەکەدا دەخزا، جەستەی بەختەوەری لە بەختەوەری زاڵدا رۆشتبوو، سپی دەروێشەکە بوو، وەك رەش لێزانەکە بوو، سێبەرەکەی خۆی دەخستە سەر دیوارەکە، دیوارەکانیش بە سێبەرە درێژەکانیانەوە دەجولانەوە، هەڵخەڵەتاندن (داوی فێڵبازییە)حیلاندن بانگەشەی سروشت بوو، چاکەو خراپە سەرکەوتوو بوون ، هەنار بە پەنجەی بەردین دەگوشرا، چێژ سەرێك بوو عەقڵی تیادا نەبوو، ئارەزووی لێزانەکە شتێکی باوەڕ پێ نەکراو بوو، شوێن پێی ئەسپ دوایەمین شەوی جەستەی بەختەوەریان دەشێلا.

پێچاو پێچەکانی رێگە لە چێژی گەڕان بەدوای بەختەوەرییەوە دەست پێدەکات، بۆ جەستەی بەختەوەری رەنگی بەردێکی گرانبەهای گرتووە؟ گۆرانی کۆترەکان بەناڵەو شیوەن هاودەم ببوو، کەشی

بۆنکردن  بەشەهوەتی مانەوە و ژیان بارگاوی ببوو، خەیاڵ هاوشێوەی خۆڵەمێش بوو، یان رەنگی دەریا بەکەرە داپۆشرابوو، باڵندەکانی خۆشەویستی کتو پڕی دەیگرتن لەسەرلای راستو  چەپ دەوەستان، دوایی چەرچەفی ئازاریان بەقوڕی حیکمەت لەسەر بەهەشتی داپۆشراو هەڵدەدایەوە.

ئازار سەوز بوو/ جەستەکە زیاتر دوور دەکەوتەوە/ سروشت بانگەشەیەکی ئاڵۆزبوو/ دەنگەکە کپ بوو/ مەستی رێگەی ونی جەستە بوو/ خەفەت میراتی توانەوەی دەگرت/ جەستەکە رەنگی گرت/ جیهان دەستی بەلەرینەوە کرد/ رێگەی ون رێبەڕی شێتەکەبوو.

لێزانەکە جەستەی خۆشبەختی بەلای خۆیدا هێنا، بە ئاڕاستەی ئەو چەند شەپۆلێکی نادیاری لە تیشك بەسەردا پەخش کردبوەوە، تیرە ئاگراوییەکان بەهێزێکی سەرسوڕهێنەرەوە لەچاوی دەروێشەکەوە دەردەچوون ، بەرلەوەی بەرەو تەڵەکەی ببات، درەختێك لە ئەسپە سەرکەوتووەکان لە دەوری پەرش بوونەوە، لە دیوارەکەوە بەرەو رووی دەهاتن، بانگی جاڵ جاڵۆکەی حەزەکانی کرد، دەستیان بەچنینی چەند تاڵێکی لینج کرد لە دەوری ناوك لە خۆڵە مێشەکەدا بچن بۆ نووکە ڕمی کەتیرەی سەوز.

گوڵ لە یلەك گەشایەوە، وەکو هەشت پێ لە دەوری دەمی گوڵەکە خۆی پێچایەوە، دەروێشەکە چاوەڕوانی لێزانەکەی دەکرد، هەتا قەپاڵ لە میوەی سێوەکە بگرێت، بەرزترین لوتکە، ئەوەش جەستەی بەختەوەرییە خەیاڵی بەکەوتنە خوارەوەوە دەکرد، جەستە بە قوڵاییدا چوو، قوڵاییش کەوتە خوارەوە، یان لادانێکی بێ مەبەست.

***





لە رۆژنامەی ئالای ئازادی ژمارە (٦٩٧) ی ٢٠٠٧/٢/١٢بلاوبۆتەوە.

## رێبەری ڕێگە ونبووەکە

خاڵەکانی ئاماژە لەسەرما ڵی بەرد هەڵکەن(عیماد حاجی حەسەن) لەهێڵکارییەکانی کاغەزەکەدا بەروونی دەرکەوت، کە بە بازارێکی سەرگیراو دەست پێدەکات، دوایی بەکۆڵانێکی تەنگەبەردا تێدەپەرێت(ئەمە ئەو کۆڵانە تەنیایە کە لەکۆتاییەوە بەربەست کراوە) هەروەك بەدرێژایی ئەو ما ڵانەدا تێدەپەڕێ کە بالآیا ن نزم بۆتەوە، جێگەی لەخاك نان، ژێرزەمینەکان کەپەنجەرە ئاسنینەکانیان لەتەنیشتی بەر دەرگاکانەوە لەگەڵ بناغەی دیوارەکانی ناو ماڵەکانیان بوو، دەرگاکانیان داری بەرووەك نەخشکراو بوو، دەرگا کوتە ئەفسانەییەکان، وەك ئەوەی ئێستا دەیبیستم(ئەم ژێرزەمینە ئەوەیە کە هەتا بەرەبەیانی جێگەی یەکتر بینینی پەنهانیمانە) کۆڵانەکە منی گەیاندە دوو ئاراستە، سەرم لێ شێوا بەرەو کام ئاراستەیە برۆم؟ ئەگەر بۆلای چەپ بڕۆم ئەوە رۆژ دەکەوێتە لای راستەوە، لەوانەیە رێرەوێکی

هەڵەم گرتبێت؟ بەڵام ئەمە ئەو ژێرزەمینیەیە کە ئاماژەی بۆ کراوە، من لەهێڵکارییەکانی کاغەزکە دەڕوانم، دەبینی لەو خاڵەدام کە ئاماژەی پێکراوە، هەستم بەبۆنێك کرد هاوشێوە بەبۆنی گوڵەدارو لەکۆڵانەکەدا دەهات، بەرلەوەی دەست نووسەکە بخەمە گیرفا نمەوە، کۆترێکی رەنگ خۆڵەمێشی داچڵەکی، لەپەنجەرەیەکی ئاسنینەوە بۆ ژێرزەمینێکی ئاسۆیی دەرچوو، وام دانا کەئەوە دەکەوێتە ژێر ما ڵێکی چۆڵکراوەوە لەهێڵکاریەکانی کاغەزەکەدا، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی پەرەکانیدا بۆ ناوێکی ئاڵۆز بڵاوبوەوە(لێرە هەواڵی یەکەمیەکان وەردەگرین) نیشانەکانی ماڵەکانم بۆدەرکەوت بەلەرینەوەیەکی وروژێنەرەوە دەجوڵانەوە وەك ئەوەی بەرەنگاری هێزێکی نادیار ببنەوە کە خەریکە دەیانخات، بێگومان من بەر لەچەند چرکەیەك، بەگڵکۆیەکی بەخەنە رەنگ کراودا تێپەڕیم، چۆن بووە دووبارە پیایدا تێپەرم‌و سەرنجی بۆ نەدەم؟

کۆڵانەکە بەرەو لای راست وەری چەرخا ندم ، گومانێکی زیاتر گرتمیەوە، بەو بەڵگەیەی کە خۆر بەرێرەوێکی تردا لایدا، لەلای چەپ بینیمیەوە، لەوانەیە ئاراستەی مەبەست بووبێت لەهێڵکارییەکانی کاغەزەکەدا، لەوانەشە ئاماژەکانی رێگە سەریان لیٚ شێواند بێتم، کە دڵنیام کەئەو بەبازارە سەرگیراوەکەدا تێی پەڕاندم، هەتا ئەو لەلای چوونە ژوو رەوە ی کۆڵانەکەدا وەستاندمی، دوایی لەون بوونی ژێرزەمینەکەدا تێی پەراندم، دوایی بەلای گڵکۆیەکی بەخەنە رەنگ کراودا تێپەری(کاتێك دەچیتە ناوکۆڵانەکەوە بەردەوام رۆژ لەپشت خۆتەوە دابنیٚ)تۆ بڵێی نیشانەکانی رێگەم وون کردبێت،؟ لەوانەیە هێڵنج دانێك بێت لەئاکامی زۆری سورانەوە بەدەوری خۆیدا، یاخود لەئاکامی سورانەوەکانی گوڵەدارو بێت.

(سەیرە سورانەوەکانی گوڵەدارت نەبیستووە؟)

سورانەوەکان بەسەرما زاڵ بوون، بیرم کردەوە، لەوانەیە لەکۆڵانەکەدا سەرم نەهێڵێێت.

(بۆنی گوڵەدارو هەڵخەڵتێنەرە بۆ هەستەکان)

کۆڵانەکە ئێمەی گەیاندە بنبەستێك لەکۆتاییدا بەلای ماڵی بەرد هەڵکەن(عیماد حاجی حەسەن) کە لەتەنیشت مەنزڵگەی ئیبراهیم هەدامەوە لکابوو، لەوانەیە عیماد حاجی حەسەن یان ئیبراهیم هەدام. ماوەی ئەو دیوارەی نێوانیانی روخاندبێت، هەروەك ئێستا کە دەیبیستم لەشێوەی سەرە ماردا لەسەرما لەدەرگا دەدات، کەواتە چی گۆراوە، هەتا بمگەیەنێتە ئەو کۆڵانەی کە کۆتاییە لەسەر کۆمەڵی خۆڵ‌و خاشاکاکەدا، من لەرێگەکەدا سەرسام مابووم، بینیم رۆژ لەم بەیانیەدا تەواو لەرووبەروو مدا پرشنگدارە

دایە، سەرم سورما چۆن من لەو کۆڵانەدا دەرچووم بۆ بازارێکی سەرگیراو، دووبارە هەستێکی نامۆم بۆ دروست بوو، هەروەکو ئەوەی ئێستا لەپێچ‌و پەنای ژێر زەمینەکەدا دەرچووم، زیاتر سەرم سورما، چۆن کۆڵانەکە هەڵی خەڵەتاندم‌و نیشانەکانی رێگایشم وون نەکردووە.لە ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی/ ژمارە ٦٦١ی ٢٠٠٦دا بڵاوبۆتەوە

***

## بۆشایی

لەوانەیە ئەوەی کە شەوی ڕابردوو ڕوویدا شتێکی نامۆ بێت ، کە جێگەکەمی لەمێزی نان خواردن لەقاند، دڵنیابووم کە لەنێوانیاندا بووم (کوڕ، کچ، هاوسەر) ەکە وە کورسیەکی بەتاڵ کە پێشتر تێبینیم نەکرد بوو، چۆن ڕوودەدات من بکەومە نێوانیانەوە و کەسێکیش هەست بە بوونم نەکات ؟ دووەم جار لەجێگە ئاساییەکەم لەوە دڵنیا بووم، کە ویستم لە بەردەمیاندا هەستم پێبکەن، دوو دڵ بووم لەنێوان ئەوەی بە دەنگی بەرز ئاگاداریان بکەم ، یان بە بێدەنگی پەیمانیان لەگەڵدا ببەستم "من سەعید عبدالباقیم "، بە ڕوونی ئەوەم پێگووتن . هاوسەرەکە خۆی کۆکردەوە، کوڕەکە ڕووی بەرەو پەنجەرەکە وەرگێڕا، کچەکەش ئاهێکی هەڵکێشا، بەڵام کەوتمە ژێر سایەی ئەو بۆشاییەی کە لەسەر کورسیەکە دانیشتبوو، کە کورسیەکی زیاد لەپێویستی





بوو، جگە لەوەی ئەو شتە هێنراوە نامۆیانە یان کتوپڕانە لەنێوانماندا خستبوویانمە هەست کردن بە بوونی کەسێکی نامۆ یان نادیار، وە ئەگەرنا چۆن ڕوویداوە هاوسەر بەرامبەر کورسیەکی بەتاڵ دابنیشێ ؟ تەنیا شتێك بوو کە گومانەکانی لە ناخمدا ڕەواندەوە ، تا ئێستاش هاوسەرەکە لێرەداو لە شوێنی ئاسایی خۆی لەبەرامبەرمدا دانیشتووە، کورسیەکە چۆڵە، نابێت وەها شتێکی لەسەر بێت کە خەریك بێت نەیبینم، بەڵام پانتایی نێوانمان کە ئەوە کەلەبەرێکی نامۆیە لە بۆشایدا، جێگەیەکی چۆڵ کە بەشێوەیەکی ئاسۆیی هێلکەیی لەنێوان ڕەوتی خێزانیدا پەرژینم بۆ دەکات. لەچۆڵیی کورسیەکەوە هەستم بە بوونی کەسێکی تر دەکرد کە لەسەری دانیشتووە. لەوانەیە ئەوەش تەنیا ڕاڕاییەکی کەسی بێت، بەڵام چۆن دەبێت؟ کوڕ و کچ بێنە ناوەوەو دوایی لەلای ڕاست و چەپمەوە بەبێ بایەخی دابنیشن، هەستم کرد کە ئەوان ئێوارەباشیان لێنەکردووم، تەنانەت هاوسەرەکە بەکلەی چاو لێی ڕوانیم، وەك ئەوەی هەست بە بوونم نەکات، هەوڵمدا بیر بکەمەوە لەوەی کە لەکەیەوە هاوسەرەکە بێ هەست بێت بەرامبەرم، کە بەحەزێکی ئابڕوو تکاوەوە دەڕوانێتە ئەوەی کێ لەسەر بۆشایی کورسیەکە دادەنیشێ، دڵنیام کە من دەڕوانمە دانیشتن لەسەر کورسیەکی قوتبۆوە لەنێوانماندا. هەستی بانگ کردنێکی هەڵخەڵەتێنەری لا دروست کردم، وەك ئەوەی هاوسەرەکەی بۆ جێگەی ژن و مێردایەتی ببات، وەئەگەرنا واتای ئەو لیکە چی یە بەدەمیەوە دەردەچێت، خواردنەکەی بەچڵێسی و چێژەوە دەخوارد ، کە وای دانانێم من خەیاڵ لەو بکەمەوە ، لەوانەیە من

گوێم لەکوڕەکە بوو بێت کە دەیگووت" باوکم دەڵێت" ویستم بەکردەوە ئەوە بڵێم : من" سەعید عبدالباقیم "جگە لەوەی ئەو بەتاڵیە بەوانەوە سەرقاڵی کردم، چۆڵیەکی نائاسایش لەشێوەی بوونەوەرێکی نامۆ کە نایناسم، هاوسەرەکە وا بۆی دەردەکەوێت وەك ئەوەی گەورەی ماڵ بێت. گومان دەکەم بە دەنگێکی ژنانەی پڕ لە حەزەکان، چرپەی لەگەڵدا دەکرد و وەك لەوەوبەر چرپەی لەگەڵ مندا دەکرد، ڕاڕاییەکی کتوپڕیی سەرتاپای گرتم، بیرم کەوتەوە کە من شەوی ڕابردوو نەنووستبووم، شەوێکی درێژ بوو بە چۆڵی کورسیەکە خەم دایگرتبووم، لەوێ کێ من دەبینێ و من نایبینم؟ بەدڵنیایی شتێك لێرە لەناوەوە ڕوودەدات یان لە دەوروبەری من، لەماڵەکەدا، من گەورەی خێزانم و پێی نازانم. کچەکە چاوی هەڵبڕی بۆ سەعید عبدالباقی لە وێنە هەڵواسراوەکەیدا لەژوور سەرمەوە لەسەر دیوارەکە، دوایی ڕوانینەکەی لە بۆشاییەکی مەزندا هاتەخوار، ( باوکم دەیگووت ) : ویستم بەکردەوە ئەوە بڵێم: من سەعیدم، بە دڵنیایی پێم گووتن من بەختیارم لەگەڵتان ، هەوڵمدا لێیان بپرسم : ئێستا چی لە ئامادەبوونمدا ڕوودەدات ، من بەتوندوتیژیەکی با وکانە دەمدواندن، من گوێ لە وشەکانی خۆم دەگرم ، سەرسامیەکی کتوپڕیی گرتمی ، هاوسەرەکە مێزەکە بەجێ دەهێڵێت ، کچەکە قاپەکان کۆدەکاتەوەو کوڕەکە بە قسەی ئاڵۆز ورتە ورت دەکات ، دوایی هەموویان لەدەور و بەرم بڵاو بوونەوە و جگە لەخۆم کەس نەمایەوە، بەڵام لە بەرچی کچەکە قاپەکەی لە بەردەممدا لانەبرد ؟ لەوانەیە لە بەر ئەوەی خواردنەکەم تەواو نەکردووە ، بۆیە دەبێت زۆر بە توند و تیژی لەگەڵیان بدوێم ،





دڵنیایان بکەم کە دەنگی من بە سەریاندا زاڵ دەبێت، من پیاوێکی بەڕێزم تا ئێستاش کەسایەتیم بەهێزە ، من گەورەی خێزانم دڵنیام لە دەنگی خۆم ، بەڵام بۆچی یەکێکیان دەنگم نابیستن ؟ کەواتە هەڵەیەك هەیە پێویستە ڕاست بکرێتەوە ، ئەگەر مەبەستداریش بێت یان بێ مەبەست ، چونکە ئەوەی لە ناخمدا ڕوو دەدات ئێستا لە دەور و بەرم ڕوو دەدات ، بۆ ئەوەی ئەوە ڕوو نەدات کە دوێنێ شەو ڕوویدا ، پێویستە بە ئامادە بوونی خۆم لە نێوانیاندا بە توندی پێیان ڕابگەیەنم کە من تا ئێستاش گەورەی خێزانم . بەر لەمەش پێویستە کۆتایی بەم پشتگوێ خستنە بهێنم ، ئەم ئاژاوەیە دووبارە ڕێك بخەمەوە، بە چۆڵیی کورسیەکەوە ئەو کەلێنەی نێوان من و ئەوان و ئەو بوونەوەرەی خەریکم نایبینم و ئەوان بە چرپە لەگەڵی دەدوان لەبەر چاوی مندا بە قسەی نەبیستراو، وەك ئەوەی گەورەی ماڵ بێت . دوا تریش لێرە شتێکی تر هەیە ئەوان لە ناخەوە دڵیان بۆم ڕادەچڵەکێت ، بە ئەندازەی کەلەبەرێك دوور دەکەونەوە کە لەنێوان من و نێوان کۆمەڵێك بە تاڵاییدا باڵی کێشاوە لەسەر کو رسیەکەدا کە زیاد لەپێویستە ، وە ئەگەر نا بۆ من پشتگوێ دەخەن ؟ پێویستە بە هەر هۆکارێك بووە بوونی خۆمیان پێ ڕابگەیەنم ، قسەیان لەگەڵدا دەکەم و ئەوان گوێم لێڕاناگرن ، لەوانەیە یەکێکیان نەیویستبێت گوێم لێبگرێت ، چۆن ئەم هەموو شتە ڕوو دەدات بە ئامادە بوونی باوم لە ماڵەکەدا؟ پێوستە دووبارە سەرەتاکانی سەروەریی لەماڵەکەدا ڕێك بخرێت، لە دەسەڵاتی خۆشمەوە دەست پێدەکەم لەناو خێزاندا، پێوستە لە هەنگاوی یەکەمدا لەنێوان من و

ئەواندا بۆشایی نەهێڵم بە ئاڕاستەی جێگە لەقکردنی ئەوەی بۆشایی کورسیەکە پڕ دەکاتەوە و پلە و پایەی ونبووم لە ماڵەکەدا بگێڕمەوە، وە لە هەنگاوی دووەمدا بەرە و بڕینی بەر بەستی دەنگەکە دەڕۆم ، من گوێم لێیانەو ئەوان نامبیستن ، یان تارمایی دووریی بسڕمەوە، من دەبیانبینم و ئەوان نامبینن ، لە هەنگاوی سێ یەمدا بەرەو دەست لێدانیان دەچم ، هەتا بە دەست لێدان بمدۆزنەوە لەگەڵ پەیوەندی کردنم لەگەڵیاندا تێدەگەن کە بوونم هەیە لە نێوانیاندا ، لەوانەیە بە ئامادە بوونی کتو پڕیم ڕوانینم لەوان بەر بەست بکات ، بۆ ئەوەی بەو دەنگ و هات و هۆریایە سەرنجی کۆتایی شەو ڕانەکێشم ، ڕاماڵینی ئەوەم دواخست کە کێ لەسەر چۆڵایی کورسیەکە دادەنیشێت ، دیسان داپۆشینی کەلەبەرەکەی نێوانمانم دواخست ، وە لەدواییدا ڕماندنی دیوارە شووشەییەکەم دوا خست کە دەنگی من دەشارێتەوە لەوانی تر ، بۆ ماوەیەکی کەم . لەبەر ئەمە بڕیارمدا بەرە و ژووری هاوسەرەکە بچم، کە من گەورەی خێزانم پێویستە لەسەر تەخت و تاراجی ماڵەکە دابنیشم بۆ داگیر کردنی تەخت ، هەر دەبێت ئەو قاڵدرمەیە بگرم کە بۆ ژووری نووستن دەچێت ، کە جێگەی ژن و مێردایەتی دەکەوتە نهۆمی باڵاوە ، وە من کە بە قاڵدرمەکەدا سەر دەکەوتم وامدەزانی سەرکێشیەکی ناپەسەندە ، وە دابەزین بۆ خوارەوە کارێکی چاوەڕوانکراوە و دەرچوون لە سیستەمی ماڵ پێشێلکردنی کەشی خێزانی یە، لەوانەیە کوڕ ڕابچڵەکێت ، یان کچ سەرنج بدات ، یان ئەوەی لە سە ر چۆڵیی کورسیەکە دادەنیشێت بە ڕوومدا هاوار بکات یان لە زۆرینەی





بۆشاییەکەدا قاچم دەخلیسکێت و لە سەرەوەی قاڵدرمەکانەوە فڕێم دەداتە خوارەوە ، بەڵام هیچ ڕێگە چارەیەك لە بەر دەممماندا نی یە بۆ سەرکەوتن بەرە و ترۆپك بۆ بە ئەنجامگەیاندنی خۆشی و گەورەیی یان مانەوەم لەخوارەوە بۆ ڕازی بوونم بە تاڵی و ملکەچی ، لە تاریکیەکی نوتەکدا ڕێگەی خۆم دۆزیەوە ، کۆمەڵە شتێك بە دەستمەوە دەلچکا بە تاڵی جاڵ جاڵۆکە دەچوو، جگە لەوەی ئەو ورتەیەی بۆم دەهات وای لێدەکردم ، لەجێگەکەمدا بچەقم ، دەنگێکی خۆش ختوکەی دەدام ، ئەو شتەی کە سەعید عبدالباقی شڵە ژاند کە ئەو پێی نازانێت شتێکی نامۆ دڵنیایمی لەقاند ، کە ئامادە بوونی لێکچوو لە ژووری نوستندا نزیك لەمن لە جێگەکەدا ڕاکشاوە ، چۆڵاییەکی ترسناك لەسەر سێگۆشەی حەزەکان باڵ دەکێشێت ، هەموو لەش و قاچەکانی بە یەکەوە، دەلکێت بە توندی، بانگهێشتی شەوانەیە لەنێوان پێست و ئێسقاندا، دڵنیا بووم لە نەبوونی هیچ کەسێکی تر جگە لە خۆی ، لە سەر شا هەنشایەکی نهێنی ، بە ت اریکیدا دەدرەوشێتەوە، چاوم لێبوو ئەو گۆشتە تازەیەی دەهاڕی بە توندوتیژیەکی تاقەت پڕوکێنەر. (من لەکوێم ) جێگەکە لەبەر شەپۆلێکی شێندا مەلەی دەکرد، ئاشەکە بە بەردەوامی دەچەرخێت ، بینیم شتەکانی تر لەگەڵ تیشکی سڕاوەدا، بە ڕەنگی خوێنەوە تاویان دەسەند . من لە ئاوێنەکەدا لەناخی خۆم دەڕوانم، سەرم سوڕمابوو کە خۆم نابینم، ڕووم وەرگێڕا بەرامبەر بە ونبوونی وێنەکەم لەئاوێنەکەدا، من بۆ ڕاست کردنەوەی هەڵەیەکی بێ مەبەست دەڕۆم و جەستەم بەر دیوارە شوشەییەکە دەکەوت ، لە ناخمدا بە تاڵییەکەم تێك دەشکا، هاڕەی شوشەکە لە دەور و بەرم

پەرش دەبێتەوە ، من دەڕۆم بۆ جولاندنی ئەوەی کێ لەسەر چۆلیی کورسیەکە دادەنیشێت، هەستم بە پارچەیەکی تەڕ کرد کە لە هەوڵی ڕزگار بووندا بوو لە تەڵەی نادیار وە من بە ئاراستەی لابردنی ئەوەی کە ماوەتەوە لەبۆشاییە ترسناکەکە دەڕۆم، بێدەنگی بەهۆی لەرینەوەی یەك بە دوای یەکدا لەسەرە مەرگدا بوو، لەوانەیە ئەوانە کۆمەڵێك دەنگ یان کۆمەڵە پێ یەکن بە قاڵدرمەکەدا سەردەکەون، ئە وکاتە دەمبینێت کە لەسەر تەخت و تاراج دادەنیشم ، من سەعید عبدا لباقیم گەورەی خێزان لەماڵەوە.

***

لە ژمارە (١١٨) ی بڵاوکراوەی گۆڕاندا بەهەڵەیەکی زۆر زۆر و پەڕینی ڕستەی زۆرەوە بڵاو بووەوە ، بۆیە جارێکی تر ، لە ڕۆژنامەی هیومانیزمی ژمارە ١٣ ی ساڵی دووەمی٢٠٠٦ دا بڵاومان کردووە.



سەرلە نوێ نووسنەوەی کوژاوەکان

## ئەوەی ڕوویدا ڕووی نەدابوو

شتەکان بەردەوامن لە لەرینەوە،چەند ین تەزوو بەجومگەکانی جەستەدا ڕۆدەچن ولە کەللە سەرما جێگیر دەبن ،ئەوە وە همێك یان خەیاڵێکی بێ بوون نەبوون،دڵنیام ئەوەی لەدەورم ڕوویدا (لەرینەوە) یە ڕووی نەدابوو،شتەکان بەبێدەنگیەکی تەڕوبڕەوە لێم دەپرسن چی ڕوویداوە لێیان ؟ وەلێم دەپاڕێنەوە کە بەڕونی ببینم چی ڕوو دەدات ،ئەوەی ڕوویدا "دیوارەکانی ژوورەکەجولاَن" کاتژمێرە دیواریەکە بەرەو دیوارێکی تر گوێزرایەوە ، دەڕوانمە ئەو پەنجەرەیەی کە دەڕوانێتە سەر لقە شەقامەکە کەبەرە و جێگەیەکی ترخزی ،لە ڕێی پەنجەرەکەوە ڕوانیم " لقە شەقامەکە بۆکوێ چوو" درەختەکانم بینی بەجوڵەیەکی هێواش لەسەر قەراغی ڕووبارەکە دەڕۆن " پێشتر لێرەدا ڕووبارێکی لێنەبوو" دەرگا و پەنجەرەی ماڵەکانی دەور و پشت وەکو کونی ڕەش لە بۆشاییەکی گەورە دا دەهاتنە بەرچاو،"ناچارم سەرلەنوێ جێگەکەم ڕاست بکەمەوە " شتەکانی ترم بینی لە باری دارمانێکی هێواشدان ،تەواو لە بەرامبەر کاتژمێرییە دیواریەکە جێگیر بووم ،ساتێك پێڵووەکانم داخست بۆ ئەوەی چاوە بریسکە دارەکانم بحەوێنمەوە تا جارێکی تر بە وردی لە ڕوانگەی شتەکانم بروانم ، بۆ ئەوەی ڕێکخستنی شوێنگەیی لە زەینمدا ڕێك بخەمەوە،" ئەودیوارەی پشتم پێوەدا جولاَ " لەو کاتەی بە چاوەکانم سەیرم دەکرد لە شتەکان ڕادەمام

" ئەو شتانە لە شوێنەکانی خۆیاندا نەبوون " ،تێگەیشتم هەموو شتێك بە ڕاستی دەلەرێتەوە " ئەوە بوو ڕوویدا " ئەوە سەرم بوو دەها ت و دەچوو،" وە ئەمە ڕووی دا کە ڕووی نەدابوو " بینیم لە جێگیرکردنی شوێنی شتەکاندا سەرکەوتوو نەبووم،لە ئاوێنەکەم ڕوانی " لێرە هەمیشە ڕادە وەستم لە شێوەی خۆم دەڕوانم " ئاوێنەکەم لە شوێنی خۆیدا نەدی ،بۆ دواوە ئاوڕم دایەوە ،" ئەو دیوارەی پاڵم پێوەدا بوو بۆپشتەوە دەستی کرد بەکشان ،وێنە هەڵواسراوەکەی خۆمم بینی سەر وخوار ببووە " لێرەدا بە حەپەساوی ڕاوەستا بووم " باری وێنەکەم ڕاستکردەوە بەلاّم ئەوەی لەوێنەکەدابوو "من لێی دەڕوانم "بەنامۆیی وسەرسوڕمانەوە لەمنی دەڕوانی "ئاوڕێکی پشتەوەم دایەوە لەتوانامدا نەبووجێگەکەم لەناویاندا دیاری بکەم ،"شتەکان لێم ورد دەبوونەوە"ناچار م ڕووبکەمە شوێنێکی تر ،بەرلەوەی بجوڵێم سەرنجم دا کەبەردە شوێنەواریە ڕێك ڕیزکراوەکان جوڵەیەکی بیٚ ئارام لەخۆدەگرن ،"ئەولەرینەوەیەی ڕوویدا ڕووی نە دابوو"بەردەکان بیٚ سەروبەر لەناوخۆیاندا دەهاتن ودەچوون،،بەچاوانێکی کراوەوەبەرەو نادیار لێم دەڕوانن ،پڕلەسەرسوڕمان وحەپەساوی بۆئەوجولاّنەوەیەی کەڕوویدا "ڕووی نەدابوو" دورییەکانی نێوانمانی شێواند، بارەکانی تێکدا ،دەستم لەبەردەکان دا زانیم کەدەست لێدان سەنتەری هەرپێنج هەستەکەیە ،بەلاّم ئەوە تۆڕگەری چاوبوو ڕوانینی دەهەژاند ،وێنەکەبوو کەتیایدا لەسەری ڕەنگی دەدایەوە،هەریەکێك لەبەردەکانم گەڕاندەوە باری سروشتی خۆی هەتابۆم دەرکەوت بەردەکان "بەردیعادوسەمودن"تابەردەکان بەشێوەیەکی ڕێك وجوان بمێننەوە وەك لەپێشداوابوون،بەرلەوەی هەولٚ بدەم لەسەرجێگەی حەوانەوە





،"جێگای ئاسایی شەوانە"کەئێستامن لەسەرەتای ڕۆژدام " ،لەدیمەنی فەرشی دیوارەکە سەر م سوڕما :ماڵی بەغدادیو بەسراوی کۆن کەدیوارەکانیان لەساتی کەوتنەدابوون "لەرینەوە،جولاّنەوە"کەلەبەری تیژو درزی قوڵیان تێدابوو ،"لەوانەیە ئەوە ڕوویدابیٚ کەڕووی نەدابوو"لەوکاتەدا زانیم من نەخەوبین بوم نەخەیال ٚپلاّو بوم ،گەرناچۆن دایبنێم ئەوەی ڕووی نەدابوو ڕوویدا ،بڕیارم دا سەر لەنویٚبەوردی لەشتەکان بڕوانم ،لەخاڵی سفرەوە دەستم پێکرد ،سەرلەنویٚ ڕێکخستنی زەمەنی شتەکانم کردەوە ،بەهیوای دۆزینەوەی لێکدانەوەیەك بۆئەوەی بەڕاستی لەمن ڕوویداو لەدەوروبەرم رووی نەدابوو ،لێرە تەواو ڕوبەڕووی پەنجەرەکە دادەنیشم ،لەلای ڕاستمەوە پارچەکانی شەتڕەنجەکەیە "داشەکان پێکداچون"،وەلەلای چەپمەوە مێزێکی بازنەیی ،پەیکەرێکی داتاشراو لەداری ئابنۆس کەسوارچاکێکی دەمامك کردولەسەر ئەسپە خۆڵەمێشی یەکەیە،پەیکەرەکە خەریکە لەقەراغەوە بکەوێتە خوارەوە ،کورسی یە سوڕاوەکە کەلەسەری دانیشتبووم بەردەوام دەیهەژاندم "گرتنێك لەژێر ڕایەخەکەدا هەبوو"گۆشەیەکی کومبارەکەی ژێرپێم بەرزکردەوە "ئەوەی ڕوویدا ڕووی نەدابوو"درزێك لەبۆشاییەکی ترسناکەوە دەکرێتەوە،بەخێرایی کومبارەکەم پێچایەوە،بۆم دەرکەوت کەئەودرزە درێژە ژوورەکە دەکات بەدووبەشەوە ،ئێستاکەوتمە گومان ودوودڵی یەکی ڕاستەقینەوە "لەرینەوە،جولاّنەوە ،پێکدادان "کەدەمڕوانیە درزەکە فراوان وفراوانتر دەبوو،هەرئەوکاتە بۆبنمیچە تەقیوەکە ئاوڕم دایەوە ،ترسێکی کت وپڕی دایگرتم ،درزەکان لێرە فراوانتر دەبووەوە، زۆرتروزۆرتر"ئەوەی لەناوەوەم ڕوویدا لەوانەیە لەدەرەوەش

ڕوبدات"،وەگەرناچۆن ئەوەی ڕوویدا ڕووینەدابوو،بەلاّم بەبیّ گومان هیچ شتێك ڕوونادات،جگەلەوەی شتەکان بەردەوامن لەجولاّنەوە ،بەرلەوەی سەقفەکە بەزەویەکەوە بنوسیّت و هەرچوار دیوارەکەدا بڕمێن ئەوە بوو ڕوویدا بوو تائێستاش ڕووینەدابوو"هەردەبێت لەدەرگاکەوە بچمە ناوەوە ،هەولّم دا هەنگاوی یەکەم بنێم ،وێنە هەڵواسراوەکەی سەردیوارەکە خزا،بینیم وێنەکەم لەژورەکەدا وردوخاش بوو،لەوکاتەدا لەشوێنی خۆمدامامەوە،کەوتنی من ئاگادارکردنەوە و وشیارکردنەوەیەك بوو،بەداڕمانی چاوەڕوانکراو بەهۆی لەرینەوەیەکی نادڵنیا "ئەوەی بەسەروێنەکەمداهات لەخۆم ڕووینەدا"کەواتە هەرجوڵەیەك لەمنەوە دەبێتە هۆی ڕوودانی زوتری داڕمانەکە پێش ئەوەی بەڕاستی خۆی ڕووبدات .لێم گەڕی ٚ بابچمە نزیکترین سوچێك لەچوارگۆشەی ژوورەکە "ئاگایی ،چاوەڕوانکردن ،وردبوونەوەوڕامان"چونکە گۆشەکان بەراوەستاوی جیێگیری دەمێننەوە "شوێنی پێکگەیشتنی دیوارەکانی نەجولاّن بەرەودواوە"ئەمەتەنها یەکێکە لەئەگەرەکان ،هەستم کرد هەردوو لای گۆشەکە لەشانم گیر دەبن ،کەمێك لێیان دوورکەوتمەوە ،لەهەولّی جیێگیر کردنی شوێنەکەمدا بووم ،کاژێرە دیوارییەکە کەوتە خوارەوەوتێك شکا"زەمەن ئێجگار بەهێواشی دەجولّێت "کاژێرەکەخزاوکەوتەناوئەودرزەیزەوییەکەکەهەرلەفراوانبووندابوو، ، بەهەردوودەستم خۆم بەدوولای دیوارەکە گرتەوە ، "ئەمە بەسەرمندا هاتبوو بەسەر چواردەورەکەمدا نەهاتبوو"شوێن پێیەکم بۆخۆم نەدۆزیەوە ،سوارە دەم وچاو هەڵپێچراو ی سەرئەسپە شێکە گلا،تابلۆی شەترەنجەکە لەرییەوە،داشەکان کۆبونەوە ،پاشان بەرەو





کەوتن خلۆربوونەوە"هیچ شتێك نالەرێتەوە"قەلاّ قایمکراوەکان ڕوخان ،نیشانە جیاکەرەوەکانی تر نەمان ،هیچ شتێك نەمایەوە جگەلەپادشایەکی ڕاڕاوتۆقیو،ئەسپێکی سەرکەش بەدەنگێکی نەبیستراو دەیحیلاند ،درزێکی گەورە بەهێزێکی نەبینراو بۆقولاّییەکی ترسناك بەکێشی دەکردم .بەردەکان بەیەکیاندا دەدا "مانگرتنێك بەرلەلەرینەوەکە "بەردەکان دەکەونە خوارەوە "نەوەی عاد و سەمود لەناودەچوون"لەناوەوەی بۆشاییە مەزنەکەدا جیێگیر دەبوون.سەیرم کرد وێنەکەم بەرەو درزەکە دەخزێت "تونێکی قولّی ڕەش "خوێنێکی زۆرم لەبەر دەڕۆیشت ،وردە وردە تە پو تۆز دەهاتە خوار ،چاولێکدەنێم ،دەموچاو"دادەپۆشم ،وێنەکە ڕۆدەچێتە ژێر خاك و خۆڵەوە "ئەوەی لەمن ڕوویدا ڕووی نەدابوو"چاوهەڵدەنێم لەجەستەم ڕزگارم دەبێت لەهەوا سوکتر دەبم ،بەچاوەکانم لەبۆشاییەوە ئاودیوودەبم ،بینین بەئاڕاستەی من دەگەڕێتەوە "هیچ بۆشاییەك لەدەورم نی یە"بڕیارم دا بەردەکانی عادوسەمود کۆبکەمەوە ،داشەکانی شەترەنجەکە ڕێکبخەمەوە "شتەکان لەسیستەمێکی کۆتایی دابوون"سوارە دەم وچاو هەڵپێچڕاوەکە دەخەمەوە سەرپشتی ئەسپە شێکە،وێنەکەی خۆمم لەجێگەیەکی گونجاودا جیێگیرکرد"ئەمەتەنها شوێنەکەشایانی من بێت "کاژێرە دیوارییە کە دەخەمەوە جێگەی خۆی ،کاتژمێرەکە زەنگی نیوەرۆژی لێدا،دووبارە فەرشەکە ڕادەخەمەوە ،درزی ماڵە بەغایی و بەسراییەکان دەسڕمەوەلەسەر فەرشی سەر دیوارەکە، دوبارە درزە یەکتر بڕ و کوتوپڕەکان چاك دەکەمەوە کە کەوتبونە سەقفەکەو زەمینەی ژوورەکە ،"نە هیچ درزو نەهیچ قڵیشێکیان تێدایە "جوڵەی چوار دیوارەکە ڕادەگرم "دیوارەکان بیّ جوڵە ڕاوەستاون"لە پەنجەرەکە وە

ماڵە کانی دەوروبەر دەخەمە وە جێگەی ئەو درەختانەی کەلەکەنار ڕوبارەکەوە دەڕۆیشتن "ماڵەکان بە تەواوی دیارن "لەپەنجەرەکە شوێنی خۆم دەگرم .باڵندەیەك لەهێلانەکەیەوە دەردەپەڕێت . شەمەندەفەرێك لەسەرهێڵەکەی خۆی لادەدات ،بارهەڵگرێك لەسەرڕێگەکە وەردەگە ڕێت،دیوارێك لەماڵێکدا دەڕمێت،منداڵێك لە ترسا ڕادەچڵکێت ،ڕوناکیەك لەتاریکیدا دەکوژێتەوە،مرۆیەك لە ژێر داروپەرودا لەناودەچێت ،هاوارێك لە قولاٌییەکەوە دەردەچێت،خوینێك لەسەرشەقامێك دەڕژێت ،"با"یەك لەگەڵ نادیارێکدا پێك هەڵدە شاخێن،لاشەیەك بەر لاشەیەکی تر دەکەوێت ،بڕیارم دا ڕێکخستنەوەی شوێنگەیی بۆشتەکان ئەنجام بدەم،باڵندەکەم گەڕانەوەهێلانەکەی"باڵندەکە لەهێلانەکەیدابوو"،شەمەندەفەرەکەم گێڕایەوە سەرهێڵەکە"شەمەندەفەرەکە لەسەر هێڵەکەی خۆی بوو"بارهەڵگرەکەم ڕاستکردەوە لەسەر ڕێگەکە "نەبارهەڵگرو نەڕێگە "شورای دەرەوەی ماڵەکەم هەڵچنییەوە "شورای دەرەوە بەجێگری ڕاوەستاوە " منداڵەکەم هێور کردەوە(منداڵەکە بەئارامی نوستووە) ڕوناکییەکەم لەتاریکیەکەدا داگیرسانەوە "خۆرەتاو ستونییە لەنیوەڕۆدا"مرۆکەم لەژێر داروپەردووەکەدا دەرهێنایەوە "مرۆییەکە خۆمم . لەژێر داروپەردووەکەدا لەناو نەچووبووم"هاوارەکەم گێڕایەوە ئەوشوێنەی لێی دەرچوبوو،"هیچ دەنگێك لەقولاٌییەوە دەرنەچووبوو"خوێنی سەرجادەکەم سڕییەوە "هیچ خوێنێکی ڕژاو لەسەرجادەکەدا نی یە" پێکهەڵشاخانی باو نادیارم هەڵوەشاندەوە "بائارامەو هەمووشتێك بەڕوونی دێنە بەرچاو"بۆئاسۆیەکی دوور دەڕوانم "شتەکان بەردەوام لەلەرینەوەدان".





***

لەژمارە٦٦٨ی ڕۆژنامەی ئالأی ئازادی ٢٠٠٦/٧/٣دابلاوبۆتەوە.

## پەیوەندییەکان

بلاٚوکراوە تیشکیەکە کوٚمەڵە سەریٚکی دەرخست ،ڕوٚیشتن وەستاو شلەژان دروست بوو،لەوانەیە شتیٚکی گەورە بەر سەرم کەوتبیٚت،جانتاکەشمی خست کە لە شەقامەکە بەدەستمەوە بوو،لەلای هیٚلی ئاسوٚوە خومارێکی قاوەییم بینی نیوەی خوٚری دەشاردەوە ( وای دابنیٚ من ئازار دەچیٚژم ) ژنیٚك هاوا ری کرد، شەبقەیەك فڕی،گومانی ئەوە گرتمیەوە کەتا ئیٚستا ش جانتاکەم هەر بە دەستەوەیە لە شە قا مەکە نەکەوتبوو.

دڵنیام سەرینەکە بەپەڕی کوٚتر ئاخندراوە،ئوٚتوٚمبیٚلەکان لە ژوور سەرمەوە بەخیٚراییەکی سەر سوڕ هیٚنەرەوە تیٚدەپەڕن،خویٚنی تاریك و ڕوونم بیرکەوتەوە،ڕوٚیشتنی بەتریق،بورجی فەریك،کلکی دووپشك (تکایە کارخانەی دڵنیایی نیشتمانی لەکویٚیە؟) ئامارژەکانی هاتوو چوٚ پەڕاندیانمەوە گواستنەوەیەکی کاتی،درەختی بەرهاتوو بە ژنان،ڕیٚگەی تایبەت،( دا شەکانی سەر تەختەی شەترەنج ) لیٚگەڕیٚ با تیٚبپەڕیٚت،نا فورەی ئاو،پەیکەری یادەوەری،لیٚبیگەڕیٚ با کار بکات،سوڕانەوە ڕیٚگەپیٚنەدراوە پیٚی،پەیوەندی خویٚنی هەنار بە چڵی زە یتونەوە،جیهان لە سەرما دەلەر یٚتەوە ،یان لە دەورم دەسوڕیٚتەوە.

سیٚ دەم وچاو،دەم و باسکەکانم،تەوقەم لەگەڵ یەکیان کرد،دەستی بە بریکاری کاری دەکرد،بیگرە بیهیٚنە،بیٚدەنگ بە،بیرم کەوتەوە من ئەم بەیانیە بەلای فروٚشیاری ڕوٚژنامەدا تیٚنەپەڕیم،بووکە شووشویەك بەپەنجەی شایەتی ئامارژە بە ڕوٚیشتنی بەتریق دەکات ،ئاگاداری بەردەکەوتووەکان بە،فەرمانگەش پەیوەندییەکانە،پەیوەندی خانم نون بەپرچی پەلککراوەوە،ئەمڕوٚ بە هەتاو ڕازاوەتەوە،خراپەکانی لەکش،بە ئەدەبیٚکی زوٚرەوە بچەمیٚرەوە،مەردوخ نوشتەکان دەکات بە دوو





بەشەوە، شوٚستەکە دەڕوات ،من لە بەردەم  بالاٚ خانەی (علا قازی) دا وەستاوم ،پەیوەندی قەڵەم بە ئاوی تووەوە ،پیٚی هاتوو چوٚ کەران بە تەنها لە ڕیٚگەکاندا دیٚت و دەچیٚت.

ئیبن خەلدوون  میٚژووی بە کردارە بکەرە نا دیارەکان توٚ مار کرد،جەنگەکە خاویٚنە و ئەو مەترسییانەی کەلە ( بڕینی کارەبا ) کەوە دیٚت من ئاوەڵناوی فەرمانی ئەوەم ،پیاویٚکی پوٚشتە پیٚیەکانی بەبیٚ پیٚلاٚو بەکیٚش دەکات ،پیٚلاٚوەکانی ( فان کوخ ) م بیر هاتەوە (تیشکە بەرزەکانی تارمایی مەرگت لیٚنزیك دەخاتەوە) ریٚگەیەکی خلیسك لە بەر دەمیدایە، کورسیەکەش جولاٚنەوەیەك لەخوٚ دەگریٚت کە هیٚور نابیٚتەوە،بە هیٚزیٚکی شاراوەوە لە نوسینگەکەم کشام،ڕیٚگەکە داخراوە، وەکو درە خت و دڕك دیٚن ،یەکیٚك لە ئەندامانی خیٚزان گوتی :(ئەندامەکانی جەستەم بەبیٚ ویستی خوٚم دەجولیٚتەوە)

لەلای خەتی  پەڕینەوەکە بە ئاڕاستەی فەرمانگەکە وام دەزانی خوٚشبەختی بارانیٚکی شینە،کوٚتری سەرخوٚش لە بەیانیدا دەکەوتن،خەڵکیش لە لیٚشاوی خوٚشبەختییەوە بە خوٚشییەوە دەگریان، هەتا (من ئەوەم لەبیر چوەوە بوٚچی ئازار دەچیٚژم ) بەردی وەهم لەپەڕی کوٚترەوە بوو،بەرلەوەی پلیکانەکە قاچم هەڵبهیٚنیٚتەوە ،وینەگرە ڕوٚژنامە نووسەکە گوتی: ویٚنەیەکی خیٚرات بوٚ دەگرم،توٚ بەپەنجەی شایەتی ئامارژە بوٚ بونەوەر و قەڵەم  و باڵندە دەکەیت ،ئەویش ڕویدا توٚ لە ویٚنەکەدا دەرنەچوویت ،ئەمە مانای چی دەبەخشیٚت ؟ یەکیٚکیان بە باران و توٚز کچە تەڕ بووەکە بە کیٚش دەکاتە ویٚنەی سەر دیوارەکە،پەنجەکانی بوٚ دوای خوٚشییەکانی بیٚستان دەخزیٚت ،مەبەستم ئەوەیە من بە دەنگیٚکی گڕ قسە دەکەم لەسەر کەوتنی مەردوخ بەسەر

نوشتەکاندا، سێوی ئادەم گوناهی حەوا بوو،دەمەکان ڕێ ونکەری دەنگ بوون،هیچ کەسێك نامبینێت،جەستە لە دەریاچەی قازەکان ڕزگاری دەبێت (گوڵی بیر چوونەوە بخەنە دەمییەوە) ڕوخساری شەیتانم بیر کەوتەوە،ساڵەکانی پشکۆ و خۆڵەمێش،چاوەکانی لەسەر قازەکانی دەریاچەکە دەڕۆن،ڕۆژی ئەمڕۆ تەماوییە،نیشتمان حیکمەتی قوڕە،قوڕی حیکمەتیش بە خوێنی بەرد سیواخ دراوە ( وای دابنێ من بە پەنجەی ئاماژە قسە دەکەم) پەیوەندی باڵندە بە باڵی قسەوە،پەیوەندی قەڵەم بە خۆڵەمێش ، یاخود دوکەڵ یاخود شوشە.

هێڵی پەڕینەوە هەنگاوەکەمی لەخۆ گرت،ڕێگە لێواری ترسناك بوو لە نێوان هاوڕێ و دوژمندا، مێژوو دابەزین و سەرکەوتنە،سەرم بۆ سەرەوە بەرز دەبێتەوەو جەستەم بۆ خوارەوە دادەبەزێت، فەرمانگەکەش بە پەیوەند ییەکانەوە بازنەییە،پەیوەندی ئامادە بوونم بە وون بوونی دوێنێمەوە،جیهان هەمووی هەڵخلیسکاندنە،پەیوەندی غەمباری بەباڵی حەزەوە (بیرم کەوتەوە من چەند ئازار دەچێژم ) سێگۆشە و پەیوەندی بەمەزنایەتییەوە،کیژۆڵەی پرسگەکەخەندەیەکی کرد، پەیوەندی نوێگەری بە دواکەوتوویییەوە،گۆشەیەکم گرت بۆ ئەوەی دەرفەت بە بەڕێز بەڕێوە بەری فەرمانگەکە بدەم تێپەڕێت، پەیوەندی ئەندازیاری تەلا ر سازی بە زەمەنە گۆڕاوەکانەوە،بۆ سەرەوە بەرز دەبێتەوە من بۆ خوارەوە دادەبەزم ، قوڕو پەیوەندی بە مانگەوە ، فەرمانگەش تۆڕێکە لە پەیوەندی: باڵندەی خۆڵەمێشی لە فەزای خودەدا دەسوڕێنەوە،خوێنی ئاسك لەسەر لەپی دەست ڕادەکات،خانم نون لە ئاوێنەوە تەماشای ڕابردوویەکی هاتوو دەکات،خانمەکەش لەمیوەی ڕەشەوە پێدەکەنێت،وەهم خەواڵوییەکی جوانە هاو شێوەی





پەڕی کۆترە،بەم جۆرە خوێنی گوڵ وشك دەکەمەوە بەپەراوێزی قسە یاخود توند و تیژی بەرد بە عودی کەمانەکە ڕام دەکەم

***

## گژو گیا و خۆڵەمێش

گێڕەرەوەکان لە لێکدانەوەی فەرموودەدا هەڵەیان کردووە،لەبەر ئەوەی بەهێ ( هیند ) ی بە میوەی سێو گومڕا کرد،خۆشکردنی ئاگری

فیتنە لەپەراوێزی ئەم پەرتووکەدا، هەتا گژو گیا بوو بە خوڵە مێش،(ئۆیس قەرەنی) قسەی کردو گوتی:

چل ساڵ،مەبەستم سەر لێشێوانی نەتەوەیە بەپەنجەی ئاماژە،لە ژێر ئاسمان لە مس و ڕاستتر لەژێر سەقفی خانوودا،زەیتوون بەخوێنی پرتەقاڵ عەرشی گرت،ئەسپە بەستراوەکان لەسەر هەورەوە تریشقە دەدەن،لەوانەیە ئەو ( قوتام ) ە بێت کە پەراوێزی قسەکانی سڕییەوە،هەتا هەموویان کراسی ڕەشیان کردە بەر،لەبەر ئەوەی پلا ن زەنگێکە بە گەردنی وشترەوە هەڵواسراوە،لەپیاو چووەکان نیوە ژنەکان،ئەو شەوانەی سەر خۆشەکان بە مەستی خستیان، پەندەکان لە فەرموودەکاندا بە هێزی ژیرەکان دەڕۆن ...

چی دڕندەی کردویت ئەی کوڕی مرۆڤ أ

لەوانەیە مانای :

ئای چەند ڕەشیت ئەی کوڕی سپێدە أ

ڕاناوی قسەکەری لەشەریعەتدا نەبینی ،لە فەرموودەکاندا دەرچوونێك هەیە لەسەر پشتی وشترە کانەوە،هەتا نوکی ڕمەکان بەڵام کیٚ کەمەر بەندی ئەفسانەیی لەسەر بۆ ماوەی جەستەی مێینە هەڵدەداتەوە: زمانی گا لە باخچەی ( قوتام ) دا دەبینیٚ یاخود لەناو لەپی پشیلە دا لەباخچەی (هیند ) یاخود ڕووەکی ژەهراوی...

پاشان فەرموودەکان وا تای قسە ڕادەوەشێنن،مەبەستم شیوەنی کۆترە کەلقی شۆ ڕە بی دەخات، ڕەنگەکەی خەنەییە ئەمە خوڵەمێشییە یاخود ئەو بەرو بوومە بە جەنگی چێژ ئەفسونی لە چاوی ( هیند ) و ( قوتام ) کرد ، نوسەری بەختەوەری من بێدەنگ کەری ئازارم لەشمشاڵی





ئە فسوناویدا فووی تێدەکرێت پاشان ( با ) نهێنییەکانی بڵاو دەکاتەوە...

یەکێکیان ( هیند ) ی ئامۆژگاری کرد بە گاز لێگرتنی بەهیٚ بەر لەوەی چاوی دڕندەکە بەشەهوەتی کوشتن بریسکە بداتەوە، ئایا (قوتام ) ت بینیووە؟ ئەویش پاشماوەی وونبوونێکی لەسەر کێلی گۆ ڕ دەگێڕایەوە، بەڕاست گەواهی دەر بوون لەسەری مەبەستم تووڕیی پیاوە یان فێڵی ژن لەجێگەی نوستندا ...

من بەبیٚ ئاگر دووکەڵی فەرموودەکە دەبیستم،لە سەقفی خانووەکەوە بەرز دەبێتەوە:

تۆ گاز لەناوکی هەنار دەگریت ( ئەی کوێلە) من گاز لەبەری ( ئاس ) دەگرم،ئەی مرادمان هەستە پێویستییەکانمان بەجێبهێنە،ڕوون و شا د و ئاسوودە چاوەکانت بگێڕەرەوە...

( هیند ) یا خود ( قوتام ) شەرمیان نەکرد،بەلێشاوی لەنجەو لار لەئەنجومەنی جەنگدا دەڕژا: بیگرە بێنە

پاشان گێڕەرەوەکان شیکردنەوەیان کرد:

پەیوەندی ڕیشاڵی گوڵی تیجان بەمستووی خەنجەرەوە

پەیوەندی خۆ نوێنەر بەگوڵی ئۆرکیدەوە

پەیوەندی خاڵە کوتراوەکان بە خەسڵەتەوە ( ڕاستر بە ئاوی ویٚلاٚ شەوە)

لەبەر ئەوەی وشتر سوارەکەی خۆی و ئەوەی لەگەڵیدا بێت پەلکێش دەکات بۆ ڕوودانی ڕۆژی کۆتایی ( ڕاستتر جێگەی ڕووداوەکە ) هەتا گێڕەرەوەکان لە دەقی فەرموودەکان دەرچوون ، بەزمانی خانمەکە ئەوە دەربڕینە لە پەڕینەوە لەبۆشایی بەر دەرگا:

من گوڵی خەشخاشم ئەوەی بۆنم بکات عەرشی درەختی ( ئاس ) دەیلەرزێنێت

پەلکی دار خورمام بدەرێ خوێنی هەنارت دەدەمێ

ئەگەر ویستت کەڤ ئاسنم بدەرێ ، کەڤ دەریات دەدەمێ

کەواتە شوێنم بکەوە ئەی حەبەشی

ڕاستی فەرموودوکە:

من دەتکەم بە ئەمینداری ئەوەی لەتۆوە بووە (ئەوەی لە فەرموودەکە دەمێنێتەوە بە هەڵە لەچاپی بەردیندا کەوتە خوارەوە) مەبەستم ئەوەیە من یەکەم کەس بووم لەناو خۆڵدا سەریم تەکاند...

ئایا هیچ مانایەکت دەداتێ ئەستێرەی بەخت لەئاوی فورات هەڵهاتووە؟

أ

چی دڕندەی کردوویت ئەی کوڕی سپێدە أ

چی ڕەشی کردویت ئەی کوڕی مرۆڤ أ

ئەم مێرووە چیرۆکی سمی ئەسپەکان کورت دەکاتەوە، ئەستێرە و کوتەر وکۆتایی شەو، گەلەکە لە فەرموودەکە دەڕوانن، ئەوان ناڕواننە کەوتنی سێبەرەکان لە بەرزاییەکان:

( دیسان لێرەدا بوەستە ئەی ئۆێس قەرەنی تکا کاربە )

بەڵام تۆ ئەی دڕندە ،مەبەستم:ئەی مرادی :گۆچان نیشانەی بینینە،کلێپەش نیشانەی بەفری گەرمە،لەبەر ئەوەی تۆ دەتەوێت (ئەوەی لە فەرموودەکە دەمێنێتەوە ) من ژیانتم دەوێت جیاوازی نییە لە نێوان ئەوەی کە گوڵێکی چێژ بریندارم دەکات، یاخود خزمەت کارێك بە لێدانی خەنجەری خۆشەویستی سەر زەنشتم دەکات، کەواتە بۆت لێکدەدەمەوە:





پەیوەندی پەرداخێکی بازنەیی بە ناوکی سێوەوە بریسکەی خەنجەر بە هەڵخەڵەتێنەرەوە

جەنگ بە هەڵخەڵەتاند ن

چێژ بە جەنگی برا کوژی

ئەو دەستەی بەچاو دەبینێت ئەوەیە کەتاریکی دەگرێت

ڕاکێشانی پەتەکە لەزیندوو

لەبەر ئەوەی پەرتووك (چەند ڕویەك هەڵدەگرێت ) فەرمودەش یەکە،

کەواتە کێ هەڵەی کردوووە :

من یا خود تۆ یا خود گێڕەرە وەکان ؟

هیند:ناوە : قوتام: ناوێکی مێژووییە

## ڕێمشن

## پەراوێز بەشێوازی ناوەڕۆك

ڕێمشن: خۆی لەخۆیدا خانویەکی داخراوە، ساڵی ١٩٠٠ی میلادی لەبەر نەبوونی ڕاڕەوێکی ئاشکرا تیایدا تێکدراوە، ئەم دەقە بوونی ڕاڕەو و بەشەکانی تر بۆ ئەم خانووە دەسەپێنێت بۆ گونجاندنی دوێندراوی جێگە بە ئاماژەی سەردەم، بەڵام ئەگەر لێکچون و هاوجوت بوونێك لە نێوان ئەم خانووە و

خانویەکی تردا ڕوو بدات ئەوە لێکچون و هاوجوت بونێکی خۆ بە خۆیی بێ مەبەستە.

نوسەر

........................................................................

... کەواتە پشت بە نەخشەیەکی کەڕ ولاڵ ببەستە، بۆشاییەکی فراوان لە قولایی ئەم نەخشەیەدا کۆبکەرەوە، سپییەکان تیایدا پڕ بکەرەوە، یاخود پێگەی خۆتی تیایدا دیاری بکە، ئەو کاتە لێرەوە دەچیتە ناوەوە، ئەم هێڵە فسفۆڕیە بگرە بەر دەبێتە ڕێبەرت بۆ بەشەکانی تری خانوەکە، هەروەك ڕاڕەوی بەیەکدا چوو، هەتا دەگەیتە گۆڕەپانێکی ئاشکرا، ئایا دەنگی پەڕی ژێر باڵی نەبینراوەکان نابیستیت.

ئەمە باڵی ڕێویەکانە/ ئەوەش باڵی سەگەکانە

ئێرە باڵی قەدەغە کراوەکانە

وای دابنێ پشکۆی چاوەکان بۆ لای تۆ دەکشێن بە گەشاوەیی، لەڕێی ڕووکەشی تاریکیەوە دەدرەوشێنەوە، نەخشە گیاییەکان، کۆتایی شەو، ئایا نایانبیستیت؟

دوو بارە چاو بگێرەوە، هێڵی ئاسۆ دەجولێتەوە، سەر پشتی وشترەکان جێگرن، هەروەك لمەکان بەئاڕاستەی باکان بخزێن، بەم جۆرە با بەکۆمەڵەی لمەکان دەگات بەدرێژایی





ڕێگەکە، دڵنیابە (...) بینینت لە ئاسنە، ئایا هێڵی (ئێریان)ت نەبیستووە؟

وایدابنێ تۆ سەرنج دەدەیتە بوونی خۆت لەم گۆشە ڕاوەستاوەوە لە چوار گۆشەی نەخشەکەدا، ئەمە هێڵکاری درێژاییە کە بەرەو باکوری ڕاستەقینە دەڕوات، بەڵام ئەو ئاڕاستەیەی کە تۆ مەبەستتە ئەوە بۆ لایەکی بێ مەبەست دەڕوات ، سوڕانەوەیەکی بەردەوام کە بۆنی هێڵنج دەدات، خانوەکە ڕاڕەوێکی ئاشکرای تێدا نییە، (مەبەستم ڕێگە دەرچونێکی ئاشکرایە) دیواری بەرزی خوار بۆ ناوەوە، وەك ئەوەی کە بەرەو ڕوخان بچێت ، خانوەکە دەکەوێتە نێو ئەم چوار گۆشەیەوە، خوای ڕێگە ونکەر: ئایا هیچت دەربارەی نەبیستووە؟ سەرنجی زەمەنە پلە دارەکان بدە لە چینەکانی خۆڵی سەریەك نیشتو:

خۆڵی قاوەیی تۆخ

قوڕی زەرد

قوڕی خۆڵەمێشی سەوز

قوڕی ڕەنگ خۆڵەمێشی زەرد

بەم جۆرە ڕەنگی خۆڵەکان چیرۆکی زەمەنەکان دەگێڕنەوە، تۆزی هەڵهاتن، یان تۆزی مەرگ ئایا (دوو ڕەشەکەت) نەبیستووە؟ ئەم دەرگایە دەتگەیەنێتە ژووری پێشەوە و

**دانیشتن، هەروەك قرژاڵی دەریا، پەڕەکانی ژێر باڵی دەکەونە ژێر بۆشاییەوە، نیشانەی قەفەزی سنگە، مانای گوڵی سنگی بەرز دەدات، لێرەدا بوەستە لەم چوار گۆشەیەدا، ئایا جوت و تاکت نەبیستوە؟**

**ئێستا دەتوانی دەم و چاو و دەمامك جیا بکەیتەوە، بەرز نزم دەبیتەوە. قەلە ڕەشە سپیەکان، تۆوی مرۆر، ئەو باڵندەیەی کڵاوی سور دەکاتە سەر، قسەی خۆشی پاکیزەکان، ئەو گەورە پیاوانەی کە لەسەر کورسی ڕازاوە شانیان داداوە، کوێرە زۆر زانەکە، خانمە عاشقەکە**

..................................................................

**.......ئێرە دەکەوێتە دەستەی قەدەغەکراوان. ژنە خنجیلانەکان بەختەوەری دەبەخشنە ئەوانەی کە ئارەزوویانە، خوێنی سپی دەفرۆشن بە ئاوی پاکیزەی دەرەختی سەوز، یان بە ئاردی تەختە کێشانەی حەزەکان دەکەن ، لەلای ڕاڕەوەکەوە جندۆکەیەکی لێیە بەسەری مرۆکان باڵدار کراوە، دەنگی وەرزەکانیان لەدوای فێڵەکان هەیە، ترس ئاژەڵێکی بەڕەڵایەلە جەنگەڵەکەدا، ڕاڕایی لەگەڵ ڕووەکەکانی سێبەردا گەشە دەکات، لەگەڵ تووترکی کێویدا دەڕوێت ،گریان وشکاییەکەی ڕاڕاییە، چونکە لە نزیك خۆیەوە هێزێکی نەرمی درەوشاوەیی خۆی دەنوێنێت، چەقۆکان ئاسا دەبێتە مەترسی هاتن و بەم**





**جۆرە لە کۆتاییدا ئەو هەست کردنەیە بە هەڵگەڕانەوە یان بە لەرینەوە بەسەری دودۆنگی کە ئاماژەی سەرەتای هەڵهاتنێك دەبەخشێت،..........................................**

**................ مەرگی کت و پڕی، هیچت دەربارەی نەبیستووە؟**

**شوێن بەشێکی بزوتنەوە فسفۆڕییەکە بکەوە بەو پلانەدا دادەبەزێتە خوار کە باوەڕداران دەگەیەنێتە گۆڕەپانێکی ئاشکرای چوار گۆشەی دیار، دیوارەکان سەر و زەوی لە باوەش دەگرێت ، ئەمە ئەو چوار گۆشەیەیە...**

**لێرەدا دادەنیشێت (...) لەم چوار گۆشەیەدا لەسەر زەوی، ئایا نایبیستیت (سەمەندەل)***

**ئەمە ئەو خوێنی ئاسکەیە، ئەوە ئەو مەودای کۆترەیە**

**کەواتە لێرە بوەستە.**

**ئەوەی لای ڕاستت دابنێ ، پاشان هەر ئێستا جێگەی خۆت دیاری بکە، ئەو لە ناوەوەی چوار گۆشەکەدایە لە مەودای بینینی تۆدا ، هەر دوو لێوی بەتوندی جوت بوون ، چاوەکانی بە ساردیەوە سەیرت دەکەن ، لە گەڵمدا بیر بکەرەوە، ئایا ئاماژە بە توندو تۆڵی یان بە زۆرداری دەکەن ، ئەمە ئەو درەختی دڕکەیە، ئایا درەختی کەتیرەت نەبیستووە؟**

سەرلە نویٚ نووسنەوەی کوژاوەکان

**هەرکەس بەلایدا تێپەڕێت ترسی ڕێگە دەیگرێت ، یان گومانی بەتریق لە دەوری دەسوڕێتەوە.**

***

*** سەمەندەل/ باڵندەیەکە لە هیندستان بە ئاگر ناسوتێت (قەقنەس)**

سەرچاوە/ نصوص قصصية/ تطريسيات/ عباس عبد جاسم \ الطبعة الاولى ٢٠٠٢ بغداد